حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی-کۆلیجی کارگێڕی

بەشی تەکنیکی میدیا- ماستەر

# پرسە یاساییەکانی

# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان

ئەم لێتوێژینەوەیە وەك بەشێك لە پێداویستی خوێندنی ماستەر لەزانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی-کۆلێژی کارگێری- بەشی تەکنیکی میدیا بەسەرپەرشتی : ( پ.ی.د. یەحیا عومەر ریشاوی )بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ پێشکەش کراوە.

بەناز رەسول حمەامین

( بەناز کوێستانی )

# پوختە

بەکارهێنانی ئینتەرنێتو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بونەتە پێداویستەیەکی سەرەکیو ژیاری ڕۆژانەی هەموو چینوتوێژەکانی نێوکومەلگا، کەبەشێکی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەلگە بەهەموو تەمەنەکانەوە کاتەکانیان بەبەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەسەر دەبەن، بەتایبەتیش لەناو کاربەرنامەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو سەکۆکانی تایبەت بەکات بەسەربردنو خۆش رابواردن. لەم پەیپەرە توێژەر کۆمەڵی لایەنی تایبەت بەپرسە یاساییەکانی تۆڕەکومەڵایەتییەکانی خستۆتەرو کەتاچەند کاریگەیان لەسەر هەڵسوکەوتی تاك لەژیانی رۆژانەی نێوکۆمەلگا کردووە، لەبوونی بۆشاییەکی یاسایی لەچۆنیەتی هەڵسوکەوتی تاکەکان لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەبازدانی خێرا بەکاربەرانی ئەم سەکۆیانە لەزیادبووندایەو کاتەکانی مانەوەش لەسەکۆکاندا زیاد دەکات، ئەم پەیپەرە بەمیتۆدی وەصفی شیکاری دەق بۆ بڕگەو دەقە زانستیەکان، کراوەتە (سێ بەشی سەرەکی بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوە، بەشی دووەم: باس لەچەمكو پێکهاتەو گرنگی کۆمەڵێ بابەت پەیوەست بەلێکۆڵینەوەکە دەکات، لەبەشی سێیەم شیکارینامەو لێکدانەو گفتوگۆو ئەنجام و دەرەنجام پیشنیار راسپاردە خراوەتە روو.



**کلیلە وشەکان:** (میدیای نوێ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، یاسا، هەرێمی کوردستان)

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەتەکان |
| --- | --- |
| ٢ | پوختە |
| ٥ | پێشەکی |
| | **بەشی یەکەم** |
| ٦ | ١-١ کێشەی توێژینەوە |
| ٦ | ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە |
| ٦ | ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٧ | ١-٤ جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە |
| ٧ | ١-٥ سنوری توێژینەوەکە |
| ٧ | ١-٦ توێژینەوەکانی پێشوو |
| ١٤ | ١-٧ پێناسەی چەمك و زاراوەکان |
| | **بەشی دووەم-باسی یەکەم** |
| ١٥ | ٢-١ میدیای نوێ new media |
| ١٧ | ٢-٢ چەمك‌وپێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Networks ) |
| ١٨ | ٢-٣ مێژووی تۆڕی کۆمەڵایەتی |
| ١٨ | ٢-٤ تایبەتمەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان |
| ١٩ | ٢-٥ خزمەتگوزاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان |
| ٢٠ | ٢-٦ نموونەی سەکۆیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان |
| ٢٣ | ٢-٧ لایەنەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان |

| | |
|---|---|
| **باسی دووەم** | |
| ٢-٨ چەمك‌و ناساندنی یاسا | ٢٥ |
| ٢-٩ تایبەتمەندییەکانی سەروەریی یاسا | ٢٧ |
| ٢-١٠ بنەماکانی تاوانی ڕاگەیاندن | ٢٧ |
| ٢-١١ بنەماو بڕیارە یاساییەکانی کاری ڕاگەیاندن | ٢٩ |
| جۆرو تاوانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەهەرێمی کوردستان | ٣٠ |
| **بەشی سێیەم - شیکارینامە** | |
| پرسە یاسایەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان | ٤٠ |
| دەرەنجام | ٤٣ |
| ڕاسپاردەو پێشنیار | ٤٤ |
| **سەرچاوەکان** | ٤٥ |

# پێشەکی

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، کەبەدەرکەوتەیەکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو تۆڕی ئینتەرنێتو میدیای نوێ دادەنرێن، لەنوێترین بەرهەمو داهێنراوەکانی تەکنیکو تەکنەلۆژیای زانیارییەو زۆرترین جەماوەریان هەیە، لەبنەڕەتدا مەبەست لەداهێنانیان، بونیادنانو گەشەپێدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بووە، بۆچەندین چالاکیو بواری جۆراوجۆر بەکارهێنراوە.

گەشەکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ بەیەکگەیشتنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لەهەموو جیهاندا پەرەی سەندووەو زۆر بەئاسانی بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکەکانەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن، بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو زانستیو ئابوریو سیاسیو ڕۆشنبیریو بازرگانیو بەبازارکردنو پرۆپاکەندە بنیاتنراون، ئەم تۆڕە بۆتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی، کەزانیاریو بابەتی هەمەلایەنە بەشێوەی نوسین وفۆتۆ وڤیدیۆ تێدا بلاۆدەکەنەوە بەئازادانە بەبێ فلتەرو سانسۆر یان هەبوونی یاسایەکی تایبەت بەمیدیای ئەلکترۆنیو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، بوونی بۆشاییەکی یاسایی لەهەندێ بابەت کەخۆی لەخراپ بەکارهێنانو زیانگەیاندن بەئاسایشی نەتەوەییو ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو دەست خستنە ناو ئازادیەکانی تاکەکەسو ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبینێتەوە، لەژێر رۆشنایی ئەو بایەخو گرنگیەی ئاماژەمان پێکرد، بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی گرت، کەئامانج لێی دەرخستنی جیاوازیو ئاستو جۆرو تەکنیكو ڕێژەی بەکارهێنەرانە لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکانو دەرخستنی کەمو کوریو خراپ بەکارهێنانی بوونی بۆشاییەکی ڕێکخستنەوەی یاساییە لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

# بەشی یەکەم

## ١-١ کێشەی توێژینەوە

ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بووەتە ئامرازێکی کارا بۆ پەیووەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، جا ئەم پەیووەندیانە لەسەرئاستی تایبەتی بن یان لەسەرئاستی جیهانی، کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنیان هەیە، لەسەرهەڵدانی کۆمەڵێك کێشەی یاسایی. کێشەی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لەچەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە:

١- ئایا ئاستی هۆشیاری تاك کاریگەریی لەبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هەیە....؟

٢- ئایا کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئابوری و سیاسی وڵات هەیە...؟

٣- ئایا بۆشایی لەپرسە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هەیە....؟

## ١-٢ گرنگی و بایەخی توێژینەوە

گرنگی ئەم دوو توێژینەوەی لەدوو لایەنەوەیە:

یەکەم: بایەخی ئەم توێژینەوەیە پرسی یاسایی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیانە لەرووی بەکارهێنان و ئازادیەکان و ژیانی تایبەت و توندوتیژی و هێنانە سەر هێڵی دیاردە نامۆکان بەکۆمەڵگە و کاریگەری بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی.

دووەم: ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی گرنگە لەرووی زانستی و جیهانی و ژیاریی و وابەستەیە بەکۆمەڵ و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەرێی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەسەرتاسەری جیهان و بەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەی چەند ئامانجێکی هەیە:

١- توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە لەسەر بابەتێکی نوێ لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا ئەویش پرسە یاساییەکانە وەك بابەتێکی سەردەمیانە.

٢-پرسەیاساییەکان لەوڵاتانی جیهاندا هەوڵدراوە بەرێنماییو یاسایی تایبەت رێکی بخەنەوە، هەر وڵاتەو بەپێی بەرێوەبردنە سیاسیەکەی خۆی بیر لەیاسایی تایبەت بەخۆی دەکاتەوە. کەدەرنجامی پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخانی خێرای کۆمەلگایە، هەروەك ئێستا کۆمەلگای کوردستان لەبەرەوپێشچوونی بوارەجیاجیاکانی سەردەمیانە پیایدا دەگوزەرێت بووەتە شوێنی گرنگیدان.

## ١-٤ جۆرو رێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی هۆکارییە کەبەمیتۆدی (وەسفی)یە و تیایدا کۆی سەرچاوەو داتاو ئامارو زانیارییە بنەڕەتییەکانی بابەتەکە تاوتوێدەکرێتو لەرێی شیکردنەوەی دەقو وتارو داتاو بەراوردکاری، سەرنجی پێویستیان لەسەر گەڵاڵە دەکرێت، بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی کارلێکردنو پەیوەندییەکانیان. پشت بەرێبازی (چۆنیەتی) بەستراوە، کەبەپێی زۆرێك لەتوێژینەوە زانستییەکانی بوارەکانی ئەم بابەتە، رێبازێکی زانستییانەی گونجاوە.

## ١-٥ سنوری توێژینەوە

+سنوری شوێن: سنوری توێژینەوەکە شاری سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

+سنوری کات: توێژینەوەکە لە ٢٠٢١/٤/٢٠ دەستیپێکردوە و لە ١٠ / ٢٠٢١/٦ کۆتایی پێ هاتووە.

+سنوری بابەت: (پرسە یاساییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان)

## ١-٦ توێژینەوەکانی پێشوو

١- توێژینەوەی (عبدالمجید مراد داد محمد احمد) بەناونیشانی: (المسئولیة الجزائیة عن اساءة استخدام وسائل التواصل الاجتماعي) لەساڵی ٢٠٢٠، لەزانکۆی الشارقە لەئیمارات کراوە، لێکۆڵینەوەیەکی وەصفی شیکارییە لەسەر یاسای ئیماراتی لەخراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

گرنگیو کێشەی توێژینەوەکە لەپێشکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو زیادبوونی ژمارەی بەکارهێنەران بەشێوەیەکی بەرچاو، ئەو کێشە یاساییانەی زیاتر کرد کەهانی یاسادانەرەکانیدا بۆ پەرەپێدانی یاساکان بۆ مەترسیەکانی بەکارهێنانی تەکنیکی و نادەستوورییانەو بەتایبەتی ئەو

تەحەدایانە کەلەخراپ بەکارهێنانی ئەم سایتانەوە دروست دەبێت بۆ بەلارێدانەخستنی مافەکانی تاكو هەروەها کاریگەریەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ هەڕەشە لەئاسایشی دەوڵەت بەگشتی.

توێژەر لەدەرەنجامی توێژینەوەکەدا بەرپرسیارێتی تاوانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ تاوانەکانی پێشێلکاریی ڕاگەیاندندا یەك بوون، هەموویان بەیارمەتی بڕیاری یاسای فیدراڵی ژمارە ٥ ی ٢٠١٢ لەسەر شەڕی دژ بەتاوانە تەکنیکیەکانو زانیاری، یاسای فیدراڵی ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٦ بەهەموارکردنەوەی بڕیارەکە بەیاسای فیدراڵی، ژمارە ٥ ی ٢٠١٢ ی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی IT ، لە کۆتاییدا بڕیاری بەیاسای فیدراڵی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٨، چەند بەندێك لەبڕیارەکە بەیاسای فیدراڵی ژمارە ٢ هەموار کراوە، ٢٠١٢ لەسەر شەڕی دژ بەتاوانەکانی ئای تی .پەیوەندی بەخراپ بەکارهێنانی زانیاری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بەیەك داواکاری ناومان لێنا لەژێر ناونیشانی حوکمی دادوەری.

٢- توێژینەوەی (فايز بن علي عبدالرحمان ال صالح) بەناونیشانی (المسؤولية االاجتماعية للحد من الجرائم المعلوماتية الناتجة عن سوء استخدام شبكات التواصل االجتماعي) لەگۆڤاری (القراءة والمعرفة، العدد ٢١٢ ، كلية التربية ،الجمعية المصرية للقراءة والمعرفة،جامعة عين شمس ، ٢٠١٩ ، ص ١٥ ناكفروخ عرف -٤٠) بلاوکراوەتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانو کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵگەو تاکەکانو ئاسایشی نەتەوەییو ئەو تاوانانەی لەو تۆڕانەدا ئەنجام دەدرێت، میتۆدی لێکۆڵینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاریی بەستووە، بۆ شیکردنەوەی دەقە یاساییەکانو ئەو سەرچاوانەی بەکاری هێناوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەمکی تاوانی زانیاریو تایبەتمەندیەکانی تاوانی زانیاری، هەروەها ناساندنی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانو بەکارهێنانی خراپی نابەڵەدیو هەروەها فێربوون لەبارەی ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، جیاواز لەکەمکردنەوەی تاوانەکانی زانیاری، هەروەك ئەو توێژینەوەیە ئامانجی دیاری کردنی ڕێگاکانی مۆدێرنە لەبەرامبەر تاوانی زانیاری و هۆشیاری لەمەترسیەکانیان بۆ سەر تاك و کۆمەڵگا.

٣- توێژینەوەی هەردوو توێژەر (بن نونه بحري طيبي، الطيب أبي مولود الأمين) بەناونیشانی: (جريمة القذف عبر شبكة التواصل الاجتماعي) توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە، لەزانکۆی

(غردایە)لەجەزائیر، لەساڵی ٢٠١٩، ئەنجام دراوە، لەسەر تاوانی تانەلێدان لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، گرنگی بابەتەکە دەکەوێتە سەر پێویستی بەزانابوونی دەق‌و ئەحکامە یاساییەکانی حوکمکردنی تاوانی ناوزڕاندن لەڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بەتایبەت کەیەکێکە لەبابەتە نوێیەکان‌و یاسای بەهای پێویستی لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی یاسای تاواندا ڕووبەڕووی ئەم تاوانە ببیتەوە، یان پێویستی پێشێلکارییەکان لەدەق و یاساکاندا بۆ ئەوەی پارێزگاری پێویست بۆ دەستێوەردانی یاسادانەر دابین بکرێت.

ئەم تویژینەوەیەدا بەمیتۆدی وەصفی‌و شیکردنەوەی دەق کراوە، بۆ ئەوەی چەمکی ئامانجی تانە ڕوون کاتەوە. کەئەنجام دەدرێت لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی و بەندەکانی یاسایی پەیوەندیدارو شیکردنەوەی دەقەکان، ئەو یاسایەی کەپێی ڕێك دەخرێتەوە. هەروەها بەراوردکاریمان بەکار هێنا بۆ بەراوردکردنی تێکستەکان.

لەدەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دوای دەستنیشانکردنی تاوانی تانەلێدان لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە .

باسکردنی کۆڵەکەو وێنەو تایبەتمەندیانەی کەلەڕێگەی دەقە یاساییە پەیوەندیدارەکانەوە ڕوونیان کردەوە، سەیرکردنی هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە بابەتەکەوە گرنگترین ئەنجامەکان بەم شێوەیە:

- لاوازی دەستەی دادوەران لەبواری بەرەنگاربوونەوەی لیستە خێراکانی زانیاری سەرباری تازەی ئەم جۆرە تاوانانەو چارەسەرکردنی بۆشایی دەقە یاساییەکان.

- غیابی دەقی یاسایی نوێ‌و تایبەت بەم جۆرەو ڕێکخستنەوەی دەقەکان‌و بەدواداچوون‌و وادەکات کەشیکردنەوەو جۆرە شەفافییەتێك‌و لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، کەکار لەرێچکەی دادگا دەکات.

- نەبوونی بەرکەوتنی ڕوون و دروست بۆ ڕێکاری تانەلێدان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەناو تێکستەکانی کەبڵاودەکرێنەوە.

- لاوازی و کەموکورتییەکانی هاوکاری نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی تاوانەکانی دەستدرێژی بۆ سەر خەڵك

کەئەنجام دراوە لەڕێگەی تۆڕەکانی زانیاریەوە.

٤- توێژینەوەی (طه حازم الصفدي) بەناونیشانی (المسئولية الجزائية عن إساءة استخدام وسائل التواصل الاجتماعي) رسالة ماجستير ، كلية الشريعة والقانون ، الجامعة الإسلامية غزة ، فلسطين ، ١٤٤٠هـ ، ٢٠١٩م. : لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری کۆمەڵایەتی بەراوردکارییە لەبەر ڕۆشنایی سیستەمە یاساییەکانی سەردەم و یاسای ئیسلامی.

نامەیەکی ماستەرە کەمامەڵەی لەگەڵ بەرپرسیارێتی تاوان ، پێشێلکاری میدیادا کردووە . یاسای کۆمەڵایەتی لەیاسای فەلەستینیو بەراوردکردنی بەسیستەمە یاساییەکانی ترو یاسا ئیسلامیەکان. یەکێك لەهۆکارەکانی گەرانە لەیاسای سیستەمی فەلەستینو ئەو رۆڵەی کەشەریعە هەیەتی لەدانانی یاساکانو خاڵە بەهێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی تۆڕەکۆمەلایەتیەکان. بەراوردکردنی بەیاسای وڵاتی ئیماراتی کەیەکێك لەخێراترین دەسەڵاتەکانو لەجێی خۆی دایناون. پێشکەوتنی سەردەم و پێشکەوتنی یاساکان بەپێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو ڕاستەقینەی هاوچەرخ.

٥-توێژینەوەی (الشهری، ٢٠١١) بە ناونیشانی:( کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕی گەیاندنی ئەلیکترۆنی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، فەیسبووكو توویتەر بەنموونە)، ئامانجی توێژەر زانینی هۆکارو پاڵنەرەکان بۆ بەشداریکردن لەپێگەی فەیسبووكوتویتەرو پەیوەندی بەگۆڕاوەکان (تەمەن، ساڵی خوێندن، کاتی بەکارهێنان، شێوازی بەکارهێنان)و زانینی سروشتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر پێگەی دیاریکراو کۆمەڵگای توێژینەوەکەی لەزانکۆی مەلیك عبدالعزیزە لەسعودیە پێکهاتووە، هەرچی نموونەی توێژینەوەکەیە لەسەر (١٥٠) خوێندکار کراوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان فۆڕمی ڕاپرسی (الاستبيان) بەکارهێناوە، بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکانی سوودی لەبەرنامەی(Spss) ، وەرگرتووە، لەکۆتایشدا گەیشتووە بەکۆمەڵێك ئەنجام گرنگترینیان بریتیە لە:

-لەئەنجامدا دەرکەوت پەیوەندیەکی دوو لایەنە لەنێوان گۆڕاوی شێوازی بەکارهێنانو هۆکارەکانو سروشتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەئەرێنی هەیە.

-ڕێژەی لە(٣٤,٧٪) نموونەی توێژینەوەکە کەمتر لەدوو کاتژمێر پێگەی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، ڕێژەی (٢٦,٧٪) زیاتر لەدوو کاتژمێر لەڕۆژێکدا پێگەکە بەکار دەهێنن.

-دەرکەوتووە، کەبەڕێژە (٤٦,٧٪) لەڕێگای کۆمپیوتەرو مۆبایل تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، ڕێژەی (٣٠,٧٪) تەنها مۆبایل بەکاردەهێنن.

-ڕێژەی (٧٦٪) بەکارهێنەرانی پێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەهۆی پاڵنەری ئازادی دەربڕینی بیرو بۆچوونیان ئەم پێگانە بەکاردەهێنن.

-بەڕێژەی (٢٢٪) بەکارهێنەرانی فەیسبووك لەناو ئەم تۆڕەدا هاوڕێی نوێ پەیدا دەکەن، هاوکات بەڕێژەی (٩٪) لەتویتەر هاوڕێی پەیدا دەکەن، بەڵام بەڕێژەی (٣٠٪) لەبەکارهێنەرانی تویتەرو فەیسبووك هەردووکیان بەکار دەهێننو هاوڕێی نوێ پەیدا دەکەن.

-بەڕێژەی (٧٦,٦٪) نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە فەیسبووكو تویتەر بۆ نزیك بوونەوەو ناسینی کەسایەتییە جیاوازەکان لەفکرو ڕۆشنبیری سودی هەیە.

-ڕێژەی (٧٨٪)ی بەکارهێنەران پێیان وایە، کەتۆڕەکان کاریگەری نەرێنی نیە لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتیان.

-هاوکات ڕێژەی (٦٢٪) نموونەی توێژینەوە پێیان وایە کەفەیسبووكو تویتر کاریگەری لەسەر کارلێكو گفتوگۆکردنیان لەگەڵ خێزانەکانیان نیە بەڵام بەپێچەوانەوە (٣٨٪) پێیان وایە کاریگەری هەیە.

-ڕێژەی (٨٣٪) نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە بەکارهێنانی تۆڕەکان کاریگەری لەسەر دواکەوتنی خوێندنی زانکۆ یان نابێت.

٦- توێژینەوەی (**فومار**، ٢٠١٢) بە ناونیشانی:(بەکارهێنانی پێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینو دەرخستنی کاریگەری بەکارهێنانی پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا لەچوارچێوەی وەرگرتنی نموونەیەك کەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە لەگەڵ زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆجیای نوێ ڕاگەیاندنو پەیوەندی لەسەر ژیانی کەسەکان، هەروەها زانینی مەودای کاریگەری پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی گریمانەیەوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لەهەموو ئەو کەسانەی کەفەیسبووك بەکاردەهێنن لەجەزائیر، بۆ هەڵبژاردنی نموونەکەی پشتی بەشێوازی نموونەی مەبەستدار (قصدی) بەستووە، کەخۆی لە(٢٦٥) کەس دەبینێتەوە، هەروەها توێژەر سودی

لەمیتۆدی وەسفی وەرگرتووەو لەم میتۆدەشدا پشتی بە (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) بەستووە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانیش سوودی لە (تێبینیکردن و فۆڕمی پێوەری) وەرگرتووە، کە لەسێ بوار پێکهاتبوو ئەوانیش نەریت و شێوازەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پاڵنەرو پێویستیەکانی بەکارهێنانی فەیسبووک، دواتر جەختکردنە سەر پێوەری (مقیاس) بۆ دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی فەیسبووك لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەو ئامرازە ئاماریانەی، کەبەکارهێناون بریتین لە (دووبارەی ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی کایسکوێر (کا٢)، هاوکێشەی پیرسون، بەرنامەی ئاماریی(spss)، گرنگترین ئەنجامەکان:

-ڕێژەیەی لە (٥٢,٠٧٪)، (٣) کاتژمێر فەیسبووك بەکاردەهێنن و ڕێژەی (٢٧,١٦٪) لە (٣) کاتژمێر زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنن.

-دەرکەوتووە بەڕێژەی (٦١,٥٠٪) کەمتر (١٥٠) هاوڕێیان هەیەو ڕێژەی (٢٠,٥٧) زیاتر لە(٣٠٠) هاوڕێیان هەیە.

دەرکەوتووە کەهەڵبژاردنی هاوڕێکانیش بەڕێژەی (٣٨,٦٨٪) بەهۆی هاوڕێیەتیوخزمایەتییەوەیەو (٣١,٢٪) لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری و زانستی(٢١,٢٠٪) لەسەر بنەمای هاوبەشی هاوڕێیەتی خۆیان هەڵدەبژێرن.

## ١-٧ شیکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو

لەقاڵبوونەوەو ڕۆچوون بەناوەرۆکی توێژینەوەکانو لێکدانەوەو شیکردنەوەو کێشەو گرفتو ئامانجو میتۆدیو دەرەنجامەکانیان دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**توێژینەوەکان لەیەك خاڵدا یەك ناگرنەوە** ئەوەیە کەتوێژینەوەکانی وەرمانگرتووە دوو جۆرن: **یەکەمیان** ئەو توێژینەوانەن کەگرنگیان بەهۆیەکانی ڕاگەیاندنو تۆڕەکۆمەلایەتیەکان داوە، **دووەمیان** ئەو توێژینەوانەن کەلەلایەن کەسانی یاسایىو بواری یاساو بڕگەکانەوە ئەنجامدراوە

لەسەر ئەو تاوانانەی کەلەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێن‌و بەپێی یاسا بەتاوانی ئەلکترۆنی یان ڕاگەیاندن ناو دەبرێن.

## لەم خاڵانەشدا لەیەك نزیکن:

١-تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان‌و ئەپلەکەیشنەکانی مۆبایل زۆر بەخێرایی گەشەی کردوو بڵاوبۆوە کەهەم تاکی هاوڵاتی‌و هەم یاسا نەتوانی لەگەڵ گەشەکردنەکەدا هەنگاو بنێت‌و بڕوات.

٢- ژمارەیەك لەهاوڵاتیان لە(٣) کاتژمێر کەمتر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن و لە (٣) کاتژمێر زیاتر بەکاریدەهێنن.

٣- ڕێژەیەك لەنموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە بەکارهێنانی تۆڕەکان کاریگەری لەسەر دواکەوتنی خوێندنی زانکۆ نابێت.

٤- هاوڵاتیان لەڕێگای کۆمپیوتەرو مۆبایل تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.

٥- بەکارهێنەرانی پێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەهۆی پاڵنەری ئازادی دەربڕینی بیرو بۆچوونیان ئەم پێگانە بەکاردەهێنن.

٦- خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌و بەکارهێنانی توندوتیژی‌و تانەو تەشەرو جنێو ناوزڕاندن‌و بلاوکردنەوەی وێنەی نەگونجاو دیاردەیەکی تازەیەی گەشەی تەکنەلۆژیاو بەکارهێنانیەتی.

٧-بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەلایەن گروپە توندرەوەکان‌و بڵاوکردنەوەی ترساندن‌و تۆقاندن.

٨-دروستکردنی سەکۆو واڵی نەشیاو نەگونجاو لەتۆرەکۆمەڵایەتیەکان‌و کەکاریگەری خراپی بۆسەر کلتوری نیشتمانی وڵات دەبێت.

٩-نەبوون‌و بۆشایی یاسایی لەزۆربەی وڵاتانی جیهان‌و هەرێمی کوردستانیش، کەرێنمایی‌و یاسای بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دیاری بکات بەشێوەیەکی گونجاو.

## ١-٨ پێناسەی چەمك و زاراوەكان

زانستە مرۆڤایەتیەكان وەك زانستەكانی تر گرنگی بەتوێژینەوەی ئەو چەمكو زاراوانە دەدات، لەبەرئەوەی ڕۆڵیان هەیە، لەپێكهێنانی گریمانەو تیۆرەكان. پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەبابەتی توێژینەوەكەوە هەیە.

**تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان:** كۆمەڵێك ماڵپەرو تۆڕی ئینتەرنێتن، كەپەیوەندی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگەو وڵاتو زمانو كلتوری جیاواز درووست دەكەن، بەشێوەیەكی زۆر ئاسانو خێراو هەرزان، لەبەیەك گەیشتنیان و درووستكردنی پەیوندی، ئەم پەیوەندیانەش بەپێی بایەخدان و بەشداربووانی تۆڕەكان پۆلێن دەكرێن، لەڕێگای خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆو ئاستی سودمەندبوون لێی.

**پرسە یاساییەكان**( Law )**:** بریتییە لەكۆمەڵێك ڕێساو بنەما كەهەڵدەستێت بەڕێكخستنی كۆمەڵگا ، بەشێوەیەك هیچ كۆمەڵگایەك بەبێ بوونی یاسا بەسەركەوتوویی ناتوانێت بژی ، بەمەش یاسا هەڵدەستێت بەسەپاندنی كۆمەڵێك ڕێساوبنەما كەمافی تاكەكان و ئەركەكانیان دیاری دەكات وەسزا دەسەپێنێت بەسەر ئەوكەسانەی پێشێلی دەكەن و لەلایەن حكوومەتەوە یاسا دەسەپێنرێت. (ضمراوي، ٢٠١٧، صفحة ٢٢)

**هەرێمی كوردستان:** هەر چوار پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆكو هەڵەبجە دەگرێتەوە كەژمارەی دانیشتوانی (٥,٢٠٠,٠٠٠٠)پێنج ملیۆنو دووسەد هەزار كەسە، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی جێبەجێكاری بەگوێرەی یاساكانی هەرێمی كوردستان پەیرەو دەكات، كەلەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دارێژراون بەشێوەیەكی دیموكراسی، لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستانەوە هەڵبژێراون.

زمانی كوردی زمانی فەرمی هەرێمی كوردستانە بەهەردوو زاراوەی سۆرانیو كرمانجی بەدوو زاراوەی سەرەكی زمانی دایك دادەنرێت. لەرووی ئەكادیمییەوە (١١) یازدە زانكۆی گشتیو چەندین زانكۆی ئەهلی مۆڵەت پێدراو لەهەرێمی كوردستاندا هەیە.(www.gov.krd, 2021)

# بەشی دووەم

## باسی یەکەم

## میدیایی نوێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

### ١-٢ میدیای نوێ new media:

بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، دەرکەوتنی میدیای نوێ بوو، کەبەهۆی بەرەو پێشچوونی کەرەستەو ئامرازەکانی تەکنەلۆژیە جۆراوجۆرەکان، بۆ نمونە (پاڤلیك) میدیای نوێ لەروانگەی شۆرشی ژمارەییو ئینتەرنێتو وپراکتیکردنیان لەم پەنجا ساڵەی دواییدا دەبینێت، هەندێ لەلێکۆڵەرەوان وەك دیڤیس ( Davis)و ئۆوین (Owen) دەسپێکی ئەم بابەتە لەشێوە تازەکانی میدیا دەبینن کەکودەتایەکی بەسەر میدیای کۆندا هێنا.

دەستەواژەی میدیای ژمارەیی (Digital Media) بۆ ئاماژەکردن هەر سیستەمێك یان ئامرازێکی میدیایی کەلەگەڵ کۆمپیوتەر لەیەك بدرێ، میدیایی کارلێکردن (Interactive Media) جۆرێك لەحاڵەتی کارلێککردنو ئاڵوگۆرکردنی زانیاریو بۆچونو ئەزمونە جیاوازەکان فەراهەم دەکات، لەنێوان بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێتو تەلەڤزیۆنو ڕادیۆیی ژمارەییو رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی وهتد. (الپقافیه، ٢٠٢٠، صفحه ٢٩)

واژەی (Online Media)لەروانگەی گرنگیدان بەلایەنە پراکتیکیەکانی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، میدیای نوێ بەمیدیای زانیاریەکان ناودەبرێ (Info Media) وەك هێماکردن بۆ ئاوێتەبوونی نێوان کۆمپیوتەرو میدیا و دواجار پەیدابوونی سیستەمێکی میدیایی نوێ، بەهەندێ لەلایەنە پراکتیکیەکانی ئەو میدیایە دەگوترێ میدیای هۆیە جۆراو جۆرەکان (Multimedia) بەو پێیەی لەدوو توێی یەك بابەتی میدیایی کەبڵاودەکرێتەوە دەق و وێنە وڤیدیۆ ودەنگو رەگەزە تایپۆگرافیەکانی دی تێکەڵاوکراون.

(Hyper Media) ئەمەش لەبەر ئەو بەیەکداچونەی لەمجۆرە میدیایە بەدیدەکرێ کە توانای دروستکردنی تۆڕێکی زانیاری بەیەکەوە بەستراوی هەیە، لەرێگەی دانانی چەندین لینکی جۆراوجۆر لەناو جەستەی یەك بابەتدا (hyperlinks).

هەر بۆیە میدیایی نوێ کۆمەلێك پێناسە هەڵدەگرێت: بەگوێرەی پێناسەی لیستەر( Lester): میدیای نوێ بریتیە لەو تەکنەلۆژیایانەی پەیوەندیکردن کەلەئەنجامی ئاوێتەبوونی نێوان کۆمپیوتەرو ئامرازە تەقلیدیەکانی راگەیاندن وەك چاپەمەنیو وێنەگرتنی فۆتۆگرافیو دەنگو ڤیدیۆ پەیدا بووە. (تالەبانی و ریشاوی، ٢٠٢٠، صفحە ٢٠)

فەرهەنگی کۆمپیوتەر (Computing Dictionary)پێناسەی دەکات: ئاماژەیە بۆ رێگا نوێیەکانی پەیوەندیکردن لەفەزایەکی دیجیتالیدا بەوەی کەوا رێگا دەدات بەگروپ وکۆمەڵە بچوکەکانیتر بۆ بەیەکگەیشتنو کۆبونەوە لەسەر ئینتەرنێتو ئالوگۆڕی سوودو زانیاری لەنێوان یەکتربکەن، هەروەك ژینگەیەکە رێگا بەتاكو کۆمەڵەکان دەدات کەدەنگی خۆیانو کۆمەلگەکانی خۆیان بەجیهان بگەینن. (مـراد، ٢٠١٩، صفحە ٣٧)

فەرهەنگی بچووکی ئینتەرنێت (Thick Net Glossary): بە گشتی بریتیە لەئامرازەکانی میدیای ژمارەیی، یان دروستکردنی رۆژنامەگەری لەسەر ئینتەرنێت ، هەندێ جاریش پێناسەکە ئاماژە بۆ ئامێرەکانی میدیای کۆنیش دەکات، دەربرینێکیشە بۆ وەسفکردنی ئامرازەکانی میدیای کۆن: چاپەمەنی ، تەلەفزیۆن ، رادیۆ، سینەما بەکاردێت.

لەگەڵ هەبوونی زۆر ناوو پێناسە لەمیدیای نوێ، بەلام زۆربەیان لەرواڵەتدا لەیەك دەچن. هەموویان ئامانجیان بلاوکردنەوەی زانیاری و پێك بەستنەوەی تاکەکانە لەکۆمەلگا. (الجنابی، ٢٠٢٠، الصفحات ٥٣-٥٧)

## ٢-٢ چەمك و پێناسەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان (Social Networks )

**تۆڕی كۆمەڵایەتی، هەموو ئەو تۆڕانەی پەیوەندی دەگرێتەوە كەئامانج لێیان بەستنەوەی تاكەكانو كۆمەڵە بەیەكەوە بۆ برەودان بەپەیوەندییەكانیان لەدنیای خەیاڵیدا (تەكنەلۆژیادا) بەپێی ویست و ئارەزووی تاكەكان.**

**پەیوەندیكردن بەواتای پەیوەستبوونی شتێك بەشتێكی ترەوە، لەلایەن مرۆڤیشەوە هەر پەیوەستبوونێك لەچوارچێوەی ناوهێنانی جیاواز دەچنە خانەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان كەبەوە پێناسەكراوە پەیوەستبوونو كاریگەری ئاڵوگۆڕپێكراوە لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا كەگەشە دەكات لەئەنجامی كۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕی هەستەكانو پێویستییەكان بەیەكتر لەچوارچێوەی كۆمەڵدا، هەروەك ئەو پێویستیانەی كە(ماسلۆ) ئاماژەی پێ كردوونو بە(هەرەمی پێویستییەكانی مرۆڤ)، دانراوە لەپێویستییەكانەوە بۆ تێربوون بەشێوەی ڕیزبەندیو هەریەكە لە(پێویستی بەدواداچوونی كەسیو پێویستییە دەروونییەكان، كۆمەڵایەتییەكان، فسیۆلۆجی) دەگرێتەوە.** (فیاض، ٢٠١٩، الصفحات ٢٣-٢٥)

**هەروەك بەوە پێناسە كراوە كەشوێنێكە بۆ كۆبوونەوە لەسەر هێڵی ڕاستەوخۆ كەهانی بەشداربووانی دەدات بۆ پێكهێنانی تۆڕی پەیوەندی لە نێوان هاوڕێیانو دۆستانیان.** (البیاتی، ٢٠١٤، صفحە ٣٧)

**ئامانجی بنەرەتی تۆڕەكۆمەلایەتیەكان بۆ بەستنەوەی تاكە لەرێگەی تۆڕەكانی ئینتەرنێتەوە (network) بۆ ئەوەی پێكەوە گرنگیپێدانو هاوبەشیكردنو بەشداریكردن لە(وێنە، ڤیدیۆكان، چات، نامە) كاری ئەم تۆڕانە لەسەر بەكارهێنەرانی بەرنامەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دانراوە لەسەر ئینتەرنێت، لەپێناو بەئاگابوون لەدیدوو بۆ چوونو چالاكییە جۆر بەجۆرەكان، جێبەجێكردنی لەگەڵ هاوڕێیانو خێزانو ئەندامانی كۆمەڵگەو كار، هەروەها بەكاردێت ئەم تۆڕانە بەمەبەستی كۆمەڵایەتی یان بازرگانی یان هەردووكیان.** (سـكیك، ٢٠١٤، صفحە ٦٤) **پێناسە لای (د. حسین محمد نصر): تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بریتین لە ژمارەیەك وێب سایت كە كۆمەڵێك لە گەنجان بەرهەمیان هێناوە، دواتر كۆمپانیا زەبەلاحەكان گرتیانە خۆیان و فراوانتریان كرد.** (نصر، ٢٠١٤)

**تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان (د. حسین شفیق): تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان گوزارشت پەیوەندی وێب سایتە لەناو تۆڕی ئەنتەرنێت، كە لە ڕێگەیەوە ملیۆنان كەس بەشداربوون كە گرنگیدان یان ئەركی**

دیاریکراو کۆیان دەکاتەوە ئەو بەشداربووانەش فایلی زانیاری و وێنەو ڤیدیۆ کۆیان دەکاتەوە. (شفيق، ٢٠١٧، صفحه ١٨١)

-لەکۆی ئەوانەی سەرەوەدا: تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەو تۆڕانەن کەپەیوەستن بەئەنتەرنێتەوەو ڕێگە دەدات بەتاکەکان بۆ پێشکەشکردنی بەشێك لەژیانیانو خستنەڕووی کاتێکی گونجاو بۆ پەیوەندیکردن بەلیستی بەشداربووانەوە، هەروەك ئاماژەشە بۆ تێڕوانینەکانی تاك یاخود کۆمەڵ لەڕێگەی پرۆسەی پەیوەندیکردنەوە، بەجۆرێك سروشتی پەیوەندییەکانیشی دەگۆڕێت بەبەراورد بەپێگەو جۆرەکانی، چەندین بەکارهێنانی هەیە کەگرنگترینیان: ناسین و هاوڕێیەتی، کاتبەسەربردن، هۆیەکی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، هەروەها شوێنی ڕیکلام و پڕوپاگەندە، لەڕووی جۆریشەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین شێواز لەخۆ دەگرێت، بە جۆرێك تیایاندایە سەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، خوێندراو) لەخۆ دەگرێت، هەروەك بە پێی جۆری بەکارهێنەرەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی لەڕووی ژمارەی بەکارهێنەرانەوە دەگۆڕێت.

## ٢-٣ مێژووی تۆڕی کۆمەڵایەتی

سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم تۆڕەکۆمەلایەتیانە بۆ ساڵی (١٩٩٥) دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمجار ویبسایتی (www.classmate.com) دروست بوو، ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە بۆ یەکەمین جار بەمەبەستی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدا، کاتێك ژمارەیەك خوێندکار لەئەمەریکا دروستیان کردو دواتر ئەزموونیان پەیدا کرد، لەساڵی ١٩٩٧دا پێگەی (www.sixdegrees.com) پەیدابوو، کەفیکرەی ئەوە بوو کەکەسەکان ڕاستەوخۆ پێکەوە گرێ بدا دواتر لەساڵی (١٩٩٩-٢٠٠١)دا ژمارەیەکی تر پێگەی کۆمەڵایەتی دروستبوو، بەڵام زووپووکانەوە، پاشان دوای دروستبوونی فەیسبووك لەشوباتی (٢٠٠٤) و (مایی سپەیس) لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەنگاوی گەورەیان نا. (قاسمی و جدای، ٢٠١٩، الصفحات ١٩-٢١)

## ٢-٤ تایبەتمەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

١- کارلێکەریی لەرووی بەکارهێنانو جەماوەری بوونەوە.

٢-ئاسانی بەکارهێنان.

**٣- هەرزانی لەنرخو تێچوویەکی کەم.**

**٤-پابەند نەبوون بە کاتو شوێن.**

**٥-توانای بەکارهێنانی زیاتر لەهۆیەکی پەیوەندیکردنو بەکارهێنانی وشەو تێکستو وێنەو وێنەی جولاوو ڤیدیۆ(مەڵتی میدیا) لەیەك کاتو بەئاسانترین شێوە.**

**٦-نەبوون، یان کەمی دەسەڵاتی سانسۆرو ئازادییەکی فراوان بۆ بەکارهێنەران.**

**٧-تازەکردنەوەی زانیاریەکان بەبەردەوامی.**

**٨-پەیوەنیدکردن لەمەودایەکی فراوانو تێکشکانی سنورەکان.**

**٩-ئەرشیف کردنو توانای هەلگرتنی زۆری داتاو زانیارییەکان لەرووبەرێکی فراوان، خێراییەکی زۆرو کاتێکی کەم.** (عامر، ٢٠١٣، الصفحات ١١٧-١٢٢)

## ٢-٥ خزمەتگوزاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

**١- پەیج و ئەکاونتە کەسییەکان.**

**٢- دروستکردنی پەیوەندی هاورێیەتی .**

**٣- ناردنی دۆسییەو ڤیدیۆو نامە.**

**٤-دروستکردنی ئەلبومی وێنەو خەزنکردنی.**

**٥-گەرانو وەرگرتنی زانیاری بەشێوەیەکی خێرا.**

**٦-بەشداریکردن لەکۆمەڵەی گفتوگۆو راوێژ.**

**٧-بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری.**

**٨-گفتوگۆی راستەوخۆ.**

**٩-هاوبەشیکردن و ریکلام و پروپاگەندە.**

**١٠-دانانی لینکی بابەتەکانو توانای شێرکردنی.**

١١-دۆزینەوەی هاوڕێو هاوڕێیەتیکردن.

١٢- یاریو کات بەسەر بردن. (تاڵەبانی و ریشاوی، ٢٠٢٠، الصفحات ١٣٦-١٣٨)

## ٢-٦. نموونەی سەکۆیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بەپێی تازەترین بەدواداچوون کەلەلایەن ماڵپەری (influencermarketinghub.com/social-media-sites)کراوە، کەلە ٣٠ ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ئەبدەیت کراوەتەوە، بەناونیشانی پێویستە زانیاری زیاترت هەبێت دەربارەی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان، زیاتر لە (١٠٣) جۆری دیاری کردووە، کەدیارترینو بەناوبانگترینو بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنەران باس دەکەین بەکورتی:

### ١- فەیسبووك ( facebook )

فەیسبووك بەگەورەترینو بەناوبانگترین تۆڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، ساڵی ٢٠٠٤دامەزراوە، هەڵگری وێنەو زانیارییو گرتەی ڤیدیۆیو تێکستو چاتە بۆ تاکەکان، دەتوانرێت بەکاربەرنامەی فەیسبووك بۆ فرۆشتنی سەرهێڵو بازرگانی لەنێوان بازرگانانو ریکلامو پروپاگەندەی بازارکردن بەکاربهێنرێتو کالاو شتومەکی تیادا نمایش بکرێتو براندی سەربەخۆی تیادا بفرۆشێتو کاری مارکێتینی تیادا ئەنجام بدەیت.(www.facbook.com)

### ٢- یوتیوب:YouTube

شوێنی کۆکردنەوەی فیلمو فیلم کلیپە لەئینتەرنێتدا کەهەموو کەسێك دەتوانێ سەردانی بکات، سەیری فیلم بکات، یاخود گرتەکانی خۆی بلاوبکاتەوە، یوتیوب ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا، ئێستا یوتیوب دووەم ماڵپەڕی جەماوەری گەڕانە لەدوای گۆگڵەوە، سێیەمین ماڵپەری سەردانیکراوە لەجیهاندا لەپشت گۆگڵو فەیسبووکەوە.(Stats, 2020)

## ٣- ئینستگرام Instagram

نزیکەی دەساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە، ئینستگرام لەساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە لەلایەن هاولاتیەکی ئەمریکیی بەناوی (کیڤن ستڕۆم) لەرۆژی یەکەم ٢٥ هەزار بەکاربەری کۆکردۆتەوە، وەك سێیەم تۆری جەماوەری لەدوای فەیسبووكو یوتیبووە هاتووە، بەرنامەیەکە زیاتر گرنگی بەوێنەو گرتەی ڤیدیۆیو فیلتەری وێنەو کات بەسەر بردنو پەیوەندیکردنو هاوبەشیکردنی فۆتۆ دەدات، ئینستگرام یەکێکە لەبەرنامە بەرزەکانی نمایشکردنو وێنەو بازارکردن.(٩٩firms.com)

## ٤-تویتەر Twitter

تویتەر لەساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن (ئیڤان ویلیامزو بیز ستۆن) دیزاین کراوە، لەم پلاتفۆرمەدا خزمەتگوزاری کورتە نامەو تویتە، تویتەر خۆی وەك هەواڵدەرێکی تەکنەلۆجیایی بەرز خستە روو.تێکرای بەکارهێنەرانی تویتەر پێگەیشتوونو کەتەمەنی ٤٠ساڵیی مامناوەندییە، لەرووی رەگەزیشەوە لەلایەن پیاوانە زیاتر بەکار ئەهێنرێت، ناوبانگی تویتەر وەك دەزگایەك بۆ هەواڵو لەبەرزبوونەوەدایەو بۆیە رۆژنامەنووسان نزیکەی چارەکە یەك لەهەموو هەژمارە سەلمێنراوەکانی تویتەر پێك دەهێننو دواتریش کەسایەتی سیاسی دێت.(Lin, ٢٠٢٠)

## ٥- سناپ چات Snapchat

کۆمپانیای **CEO and co-founder Evan Spiegel** دامەزرێنەری تۆری سناپچات بوو لەساڵی ٢٠١٢دا، کەمەبەست لێی بەکارهێنانی وێنەو گرتەی ڤیدیۆیو چاتکردن بوو، کەپاش چەند چرکەیەك دیار نەمێنێت، هەروەها زیادکردنی فلتەری پێکەنیناوی لەوێنەکاندا، کەئەمەش وایکرد بەکارهێنەرانی سناپ بۆ هەر رۆژێك ٥٠ ملیۆن سناپ یان دەناردو کاربەرنامەکەیان بەکار دەهێنا، پاشان دەرهێنانی چیرۆكو وێنەو موزیكو بەیەکەوە زیاتر گەشەی بەم بەرنامەیەدا، دواتر خزمەتگوزاری پارە ناردنو نەرمە لێدان لەشاشەو وێنەگرتن،و زیادکردنی لێنز بۆ هاوینەی بەرنامەکە. (stancheva، ٢٠٢٠)

٦-**تیکیۆك**( TikTok ): لەسین بە(دۆیین) ناسراوە، کەبەواتای وشەی(دەنگە لەرزە) دێت، خزمەتگوزارییەکی تۆڕیکۆمەڵایەتی هاوبەشی ڤیدیۆییە بۆ دروستکردنی جۆرەها ڤیدیۆی کورت، لەژانرەکانی وەك: سەماو کۆمیدیو پەروەردەو خواردن دروستکردنو لیوی کورت، کەماوەیان لە٣چرکەوە تا ١ خولەك کەلەیەکگرتنی لەگەڵ خزمەتگوزارییەکی دیکەی تۆرەکۆمەلایەتیەکانی سین بەناوی( Musical.ly٢)ی لەئابی ٢٠١٨دا لەسەرتاسەری جیهاندا بەردەست بوو. (www.tiktok.com)

٧-**مای سپەیس:** یەکێکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتیە بەرفراوانەکان بەمەبەستی بەشداریکردنی هاورێیان، کەبەشێوەی دەقو نووسین گوزارشت لەهەموو بابەتەکان دەکرێت.

٨-**لینکید ئین**:تۆڕێکی بزنسیی ئۆنلاینە، زیاتر بۆ پەیوەندی پرۆفیشناڵ بەکاردێت، کەکاری بۆ خەڵك تیادا دەدۆزرێتەوە.

٩-**واتساب**: خزمەتگوزراییەکی ئۆنلاینی دەنگو رەنگو نامەیە، لەلایەن فەیسبووکەوە ئیدارە دەکرێت.

١٠-**بلۆگس:** لەشێوەی دەفتەری یادگاریی کەسییە لەسەر تۆرەکە، لەرێی بەرنامەیەکی سادەو ئاسانەوە بەکاردێت.

١١-**ویکیپیدیا:** دەستەواژەیەکە واتە رێگە بەسەرجەم بەکاربەرانی دەدات، کەزانیاریەکانیان بڵاوبکەنەوەو، هەموو کەسێکیش بۆی هەیە زانیارییەکان بەکار بهێنێتەوە.

١٢-**برۆدکاست:** بەکارهێنەری دەتوانن بۆ بەدەستهێنانی دەنگو ڤیدیۆ لەماڵپەرێکی تایبەتەوە.

## ٢-٧ لایەنەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### لایەنە باشەکان:

١- هۆیەکە بۆ دەستکەوتنی زانین و زیادبوونی ئەزموون.

٢- مەوداکان نزیك دەکاتەوەو سنوورەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.

٣- یەکێك لەباشترین ئامرازەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

٤- ئامرازێکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

٥- سەرچاوەی گرنگی زانیاری و هەواڵە.

٦- کات سنووردار کردن.

٧-ڕێگایەك بۆ نەهێشتنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان.

٨-تاك دەتوانی وزەکانی بەتاڵبکاتەوە .

٩-پلاتفۆرمی فێرکاری و پەروەردەیە.

١٠-بەردەوام بوون لەپەیوەندی لەگەڵ جیهاندا.

١١- هۆیەکە بۆ دیموکراسی.

### لایەنە خراپەکان:

١-گۆشەگیری کۆمەڵایەتی.

٢-ڕێگایەك بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆی خراپ.

٣- نزم بوونەوەی ئاستی خوێندنی.

**٤-كاريگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی خێزانی.**

**٥- زیانی تەندروستی و لەش.**

**٦. چەمکی سێکسی.**

**٧-پەرەدان بەتوندوتیژیو تیرۆرو دەستدرێژی.**

**٨-شلەژانی مێشك و دەمارەکان.**

**٩. جیاوازی زانیاری بەردەست.** (الحاوری، ٢٠٢١، الصفحات ٧٩-٨٩)

# باسی دووەم

# بنەمای یاساو جۆری تاوان لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

## ٢-٨ چەمكو ناساندنی یاسا ( Law )

یاسا یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی کەلەکۆنەوە، مرۆڤایەتی لەپێناو رێکخستنی ژیانو کاروبارەکانی رۆژانەی پەنای بۆ بردووە هەر بوارێکی نوێ هاتبێتە نێو ژیانی رۆژانەیانەوە، کۆمەلێك رێنماییو بنەمایان لەپێناو رێکخستنی داناوە تا لەبێسەریو بەری خۆیان بپارێزنو جڵەوی زیادەرۆیی مرۆڤەکان بکەن، کەبەناوی ئازادییەوە پێشێلی مافەکانی بەرامبەریان نەکەن. یاسا واتایەکی یەکگرتووی جیهانی نییە. چونکە ڕۆژ بەڕۆژ لەگۆڕانکاریدایە، زوو زوو هەموار دەکرێنەوە. (Robertson، ١٩٧٥، صفحه ٩٠) بەڵام یەکێك لەواتاکانی یاسا، سیستەمێکە لەدەستوورو ڕێساکان کەبەدەستی ڕێکخراوێکی دەوڵەتی یاخود کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی کۆمەلگاو ئەندامانی کۆمەلگا بەکار دەبرێت بەشێوەیەکی یەکسان. (Lloyd، ١٩٧٢، صفحه ٢٨)

چەمکی سەروەری یاسا لەیاسای کۆمۆنوێڵز، کە(البرت فین دایسی) لەدەروازەی یاسای دەستوردا لەساڵی ١٩٥٨ نووسیویەتی دەڵێت: هەموو بەرپرسێك لەسەرۆك وەزیرانەوە بگرە تادەگاتە پۆلیس یان فەرمانبەرێکی ئاسایی کۆکەرەوەی باج، هەمان بەرپرسیاریتیان هەیە وەك هەر هاوڵاتیەکی تر لەبەرامبەر هەر کردەوەیەك کەئەنجامی دەدەن بەبێ بوونی پاساوێکی یاسایی. راپۆرتەکان پڕن لەو حاڵەتانەی کەتێیدا بەرپرسان پەلکێشی بەردەم دادگاکراون و سزایان بەسەردا سەپێندراوە، وەك تاکەکەس— لەئەنجامی ئەو کارانەی کەئەنجامیانداوە بەسیفەتی فەرمی تێیدا دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆیان بەزاندووە. (ماکمیلان، ١٩٥٠)

لەبەر ئەوەی ئەوانەی کەیاساکان دادەنێنو جێبەجێیاندەکەن بۆ خۆیان ناچار پێیانەوە پەیوەست دەبنو لەیاسای ئەمەریکی بەناوبانگترین شرۆڤە بۆ هەمان پرەنسیپ (جۆن ئادەمز) دایناوە لەدەستوری کۆمنوێلز ماساشوسیتس ئەمەش لەدەروازەی روونکردنەوە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان: لقی یاسادانان لەحکومەتی کۆمۆنوێڵز هەرگیز دەسەڵاتە

**جیبەجێکاریەکانو دادگەریەکان  هەردووکیان پیادەناکات: بە هەمان شێوەش لقی جێبەجێکردن هەرگیز دەسەڵاتە یاسادانانەکانو دادگەریەکان  پیادە ناکات: لقی دادگەری هەرگیز دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن پیادەناکات: ئامانج لەمە ئەوەیە کەحکومەت حکومەتی یاسا بێت نەوەك حکومەتی تاکەکەسەکان بێت.** (ماساشوسیتس، ١٧٨٠)

**بەپێی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان، لەنەریتی سیاسی و یاسایی ڕۆژاوا، ئەم چەمکە بەخاڵی حکوومەتی تاکەکەس پێناسە کراوە، ئەم واتایەیش هەر لەسەردەمی ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ تا زانایانی هاوچەرخ جەختی لەسەر کراوەتەوە.**

**نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٤ پێناسەیەکی بۆ سەروەریی یاسا کردووە بەم جۆرەی خوارەوە: "یەکێکە لەبنەماکانی حوکمڕانی، بەجۆرێك کەهەموو تاکەکان و دامەزراوەکان و قەوارە گشتی و تایبەتییەکان و لەوانەیش دەوڵەت بەرپرسن بەرامبەر بەیاساکان، کەبەئاشکرا دەردەچنو لەسەر بنەمای یەکسانی پیادە دەکرێنو دادوەریکردنیان بەشێوەیەکی سەربەخۆیە، هاوئاهەنگە لەگەڵ بنەما و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ. پێویستیی بەدانانی ڕێوشوێنی پێویستە بۆ گەرەنتیکردنی بنەماکانی سەروەریی یاسا و یەکسانی و بەرپرسیارێتی لەبەردەم یاسا و، دادپەروەری لەپیادەکردنی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و، بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیارسازی و متمانەی یاسایی و، دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی و بوونی شەفافییەتی ڕێکاری و یاسایی."**

**ئەم پێناسەیە، ڕەگەزە سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا دەگرێتەوە، لەوانە: بەرپرسیارێتیی هەموو لایەنەکان لەبەردەم یاساو چۆنێتیی داڕشتنەوەی یاساکان، بوونی شەفافییەت لەپرۆسەی یاسادانان، پێویستیی بڵاوکردنەوەی یاساکانو ئاگاداربوونی هەمووان، چەسپاندنی یاسا لەسەر هەمووان بەیەکسانی، دادپەروەری لەپیادەکردنی یاساکانو دادوەریکردنو بوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی بڕیارساز. هەروا ئەم پێناسەیە، هەندێ لایەنی دیکەیش دەگرێتەوە وەك: هاوئاهەنگبوونی یاساکان لەگەڵ پێوەرو بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و، ڕوونی و ڕاشکاوبوون و شیاوبوونی پێشبینیکردنی دەرەنجامی یاسایی کردارەکان.** (مکای، ٢٠١٥، صفحه ٣٤)

## ٢-٩ تايبه تمەندييەكانى سەروەريى ياسا

١- ياسا دەبێ گشتى بێت.

٢- ياسا دەبێ بۆ داهاتوو ڕوون و ڕاشكاو بێت.

٣- ياسا دەبێ بەشێوەيەكى ڕێژەيى سەقامگیر بێت.

٤- ياسا دەبێ بەجۆرێك ڕێكبخرێت كەهاووڵاتيان بتوانن بەرنامە بۆ داهاتووى خۆيان دابنێن.

٥- بەرپرسانى حكوومى، دەبێ لەهەمبەر ياسادا وەڵامدەرەوە بن.

٦- ياسا دەبێ لەگەڵ بنەما سروشتى و مافە سروشتييەكاندا بگونجێت.

٧- دەبێ سەربەخۆيى دەسەڵاتى دادوەرى گەرەنتى بكرێت.

٨- دادگاكان دەبێ دەسەڵاتى پێداچوونەوەى دادوەرييان بۆ بڕيارو پەسندكراوەكانى دەسەڵاتى ياسادانانو جێبەجيكردن هەبێت.

٩- دادگەكان دەبێ بەئاسانى بەردەست بن.

١٠- دادپەروەريى سزايى، دەبێ بەشێوەيەكى كاريگەر جێبەجێ بكرێت. (ساعي و خضري، ١٣٩٢، صفحة ١٧)

## ٢-١٠ بنەماكانى تاوانى ڕاگەياندن

### ١- بنەماى ماددى:

هەر وێنەو بابەتێك بڵاوكرايەوەو ياساكانى پێشێل كرد بەبنەماى ماددیى تاوان دادەنرێت. هەر بابەتێك هەتا بڵاونەكرێتەوە ئەوا بنەماى ماددیى تاوان پێكنايەتو بەرپرسيارێتى لەسەر نييە. هەندێكجار بڵاوبوونەوەى بابەتێك بەرەفتارى تاوانكارى دانانرێت هەتا ئەنجامێكى زيانبەخشى لێنەكەوێتەوە.

## ٢- بنەمای مەعنەوی:

لایەنە سایکۆلۆژییەکانی تاوان لەخۆدەگرێت، واتا لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا رۆژنامەنووسەکە ئیرادەی لەدەست خۆیدا بووە کاتێك تاوانەکەی ئەنجام داوە؟ ئایا زانیویەتی تاوانە؟ هەرچەندە نەزانین پاساو نییە بۆ ئەنجامدانی تاوان، بەڵام ئاستی زانینو هۆشیارییەکەی بنەمایەکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی سزای تاوانەکە.

## ٣- بنەمای یاسایی:

بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، هیچ شتێك بەتاوان داناندرێت تەنها بەپێی یاسا نەبێت، واتا پێویستە برگە، یاخود ماددەیەکی یاسایی ئەو بابەتە ڕۆژنامەگەرییەی بەتاوان هەژمار کردبێت، ئەگەر نا تاوان نییە. لەم ڕوانگەیەوە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتو وێنەیەك کاتێك تاوانە کەبڕگە یاخود ماددەیەکی یاسایی لەهەرێمی کوردستان پێشێل بکات، لەهەمانکاتدا مەرجی ڕێگەپێدانیشی نەبێ.

## ٤-بنەمای ئاشکرایی:

بڵاوکردنەوەی بابەتێك لەیەکێك لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەمانای بەخشینی خەسلەتی ئاشکرایە بەو بابەتە، لەمڕووەوە ڕۆژنامەنووس تاپەیامەکەی بڵاونەکاتەوە بەرپرسیارێتیشی ناکەوێتە ئەستۆ. ئەنجامدانی تاوان لەمیدیادا، سزادانەکەی توندترە، چونکە ئەو بابەتانەی بڵاودەبنەوە زۆرترین کەس دەیبینێو باشتر خەڵك متمانەی پێدەکات، هەروەها کاریگەرییەکەشی درێژخایەنترە.

رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان زۆرجار ڕووبەڕووی گیروگرفتی یاسایی بوونەتەوە، وێرای هەندێ کەموکوڕی لە یاساکاندا، پێویستە رۆژنامەنووس سەرجەم یاساکانی تایبەت بەراگەیاندن بخوێنێتەوە، بەشێوازێکیش پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ تا دەرفەت بۆ لایەنی بەرامبەر نەڕەخسێنێ بەهۆی سکاڵای یاساییەوە دووچاری دادگایی بکاتەوە. (محمد، ٢٠٢٠)

## ٢-١١ مادەو بڕگە یاساییەکانی کاری ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان

کاری ڕۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان کاریکی نوێیەو ڕۆژنامەنووس بەو بوارانەی لەیاساکانی هەرێمەکەیدا کەبەتاوان هەژمارکراوە شارەزابێت، شارەزایی ڕێوشوێنی یاسایی بێتو خۆی لەهەڵەو تاوان دورخاتەوە، کەهەندێکجار ڕۆژنامەنووس بەرەو لێواری هەڵدێرو کەمبوونەوەی متمانە لەنێو خوێنەردا دەبات.

لەجاڕنامەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەتی لە ماددەی (١٩)ی جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨) و بڕگەی (٢)ی ماددەی (١٩)ی میساقی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسییەکان (١٩٦٦)، جەخت لەسەر ئازادی رادەربڕینو بڵاوکردنەوە وەك مافێکی جیهانیو بنچینەیی بۆ مرۆڤ کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا بەو پێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکی دانەبراوە لەوڵاتی عیراق، تائێستاش لەهەندێك دادگا کار بەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمووار کراوو یاسای چاپەمەنی ژمارە(٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی هەمووارکراوو یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان ژمارە(١٧٨)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەمووارکراوو یاسای ماف دانەر ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧١وچەندین دەقی یاسای تر دەکرێت.

لەهەرێمی کوردستاندا (یاسای رادیۆ و تەلفزیۆن ١٩٦٩، یاسای ماف دانەر ١٩٧١-٢٠١٢ ، یاسای سەندیکای رۆژنامەنوسان ١٩٩٨ ، یاسای رۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ٢٠٠٨ و یاسای ماف دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٣، لەهەندێ دادگا کاری پێدەکرێت.

هەروەها لەم ماوەیەشدا پرۆژە یاسایەك بۆ رێکخستنەوەی میدیای ئەلیکترۆنی ئامادە کرابوو، (لوقمان وەردی) سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیریو کۆمەڵگەی مەدەنیو وەرزشولاوان لەپەرلەمانی کوردستان ووتی: میدیای ئەلیکترۆنی پانتاییەکی زۆری ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی داگیرکردووە، لەهەمان کاتدا پەیوەندیدارە بەکۆمەڵێك پرسی چارەنوسسازو لەو بوارەشدا بۆشایی یاسایی هەیە. دەرکردنی یاسایەکی لەوجۆرە بەمانای کەمکردنەوەی ئازادییەکانی تاك نییە، بەڵکو پڕکردنەوەی بۆشاییەکی یاساییە، سەبارەت بەدانانی یاسایەك بۆ ریکلام لەئێستادا پرۆژە یاساکە ئامادەیە، بەڵام

پێویستمان بە گفتووگۆیەکی هەمەلایەنە هەیە، چونکە تا ئێستا یاسای ریکلاممان نییە لەهەرێمی کوردستان.( www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=142363 ) (١٦-٥-٢٠٢١)

لەپاڵ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکاری)، دەسەڵاتێکی مەعنەویمان بەناوی (دەسەلاتی چوارەم) هەیە، کە(ڕاگەیاندن)ەو لەم قۆناغەی ئێستاشدا میدیایی نوێ بە(دەسەلاتی پێنچەم) ناو دەبرێت، چاودێری چوار دەسەڵاتەکەی تر دەکات، لەکاتی پێشێلی سنوورەکانی ڕاگەیاندن دەبێت یاسایەك بۆ داکۆکی لەڕۆژنامەنووسان هەبێت. بەپێچەوانەشەوە هەرکاتێك ڕاگەیاندن سنوورەکانی خۆی بەزاند، ئەوا بەپێی یاسا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە تا بەپاساوی ئازادی ڕادەربڕین، ئەو هێڵە سوورانە پێشێل نەکرێن کە بۆ خزمەتی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی دانراون.

## ٢-١٢ جۆرو تاوانی میدیایی‌و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەهەرێمی کوردستان

تاوانەکانی میدیا، بریتین لەو تاوانانەی کەلەرێگای کاری میدیاییەوە روو دەدەن، جا یاسا دانەر لەرێگای دەقەکانی یاسای سزادان یان یاسای رۆژنامەگەری یان چاپەمەنی یان یاسا تایبەتەکانی تر خەسڵەتی رەوایەتی بەم کردارانە دەبەخشێت، دەقنوسکردنی تاوانەکانی راگەیاندن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. بەپێی سیستەمی سیاسی‌و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە.

بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنان‌و نەزانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی پێشبینی دەکرێت، مەترسی گەورەی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەبێت، هەرچەندە لەکوردستان هەوڵدراوە بەباشی بەکاربهێنرێت‌و سودی لێ وەربگیرێت، بەڵام زۆر جار کێشە لەجۆری رۆماڵی رووداوەکان‌و خراپ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە هەیە. بەبڕوای هەردوو پسپۆڕ (ستیڤانی‌و لەڤاسۆر) زانستی تاوانناسی واتا لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانی ڕوودانی تاوان‌و کاریگەریەکەی لەسەر (تاکەکەس یان کۆمەڵگە)و ناسینی کەسێتی لادەرو تاوانبار.

چاودێریکردن‌و کۆنترۆڵکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان‌و ئینتەرنێت، لەرووی یاسایی‌و کۆمەڵایەتیی‌و تەنانەت لەرووی کاری پیشەیی رۆژنامەنووسیشەوە، کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە لەدەرەوەی وڵاتەوە ئاڕاستە دەکرێت‌و سنووری وڵاتانیشی بڕیووە، هەر چەندە ژمارەیەك لەوڵاتان وەك: (ئێران، چین،.کۆریا..) سانسۆریان لەسەر داناوە، بەڵام ئەوە نەبووەتە رێگر لەبەردەم دەست پێڕاگەیشتنی هاوڵاتیان بەو تۆڕانە، بۆیە چەندین کەیسی تەشهیرو ناوزڕاندن‌و تۆمەتبارکردن لەدادگاکان لەو رووەوە تۆمارکراون.

بێگومان بەکارهێنەران بەخۆیان بزانن یان نەزانن، کۆمەڵێك کاریگەری ئەرێنیو نەرێنی لەژیانیی کۆمەڵایەتیاندا روودەدات، بەبێ ئەوەی رۆژانە هەستی پێ بکەن، وەك خویەك دووبارە دەبێتەوە. هەندێك جار ئەوەندە زیاد لەپێویست دەکەونە ناو ئازادیەکانی بەکارهێنانەوە، کەبەمەبەست بێت یان بێ مەبەست ئازادییەکانی کەسانی بەرامبەریان پێشیل دەکەن، ناوزڕاندنو لەکەدارکردنی چەندین کەسایەتی ناسراو لەخۆ دەگرێت لەڕێگای بڵاوکردنەوەی وێنەو ناوزڕاندنیانو تەهدیدکردنیان کەدەتوانین لەم شێوانەی خوارەوەدا دیاریان بکەین:

١-**تاوانی تانەوتەشەر ناوزڕاندن** (جريمة القذف او تشهير): جۆن ئاربیتەر لەپێناسەی تانەو تەشەر دەڵێت: (بریتیە لەچاپکردنی بابەتێك کەناسنامەی کەسێك دەستنیشان دەکاتو ناووناوبانگی لەکەدار دەکات، بەچەشنێك رووبەرووی رقلێبوونەوەو بەکەمزانینو نارەزایی دەکات لەلایەن خەڵکەوە). (پیتنەر، ١٩٩٠، صفحە ٦١٥)

لەیاسادانەرانی عەرەبیو عیراقیو هەرێمیش، جیاوازییان نەکردووە لەنێوان تاوانی تانەو تەشەر بوختانکردن، بۆیە هەردووکیان بەیەکەوە باس دەکەن، لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە(١١١)ی هەمووارکراوی ساڵی ١٩٦٩، لەمادەی (٤٣٣) بۆ تاوانی تانەو تەشەر تەرخانکردووە دەڵێت: (تانەوتەشەر بریتییە لەلکاندنی رووداوێکی دیاریکراو بەکەسێکەوە بەیەکێك لەرێگاکانی ئاشکرایی بەچەشنێك ئەگەر هاتوو راست دەربچێت ببێتە مایەی رووبەرووبوونەوەی ئەو کەسەی کەتانەو تەشەرەکەی لێدراوە بۆ سزا یان بەکەم زانینینی لەلایەن هاوڵاتیانەوە). کەواتە دەبێت بنەمای یاسای مادیو مەعنەویو ئاشکراییو یاسایی هەبێت ئەوسا سزا بدرێت.

سزاکەشی بریتیە لە: (بەزیندانیکردن یان بەغەرامەکردن یان بەهەردووکیان سزا دەدرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لەرێگای رۆژنامەگەری یان چاپەمەنی یان یەکێك لەرێگاکانی راگەیاندنی ترەوە ئەنجامدرا، ئەوا بەبارودۆخێکی توند دادەنرێت).کەواتە لێرەدا جیاوازی کردووە لەوەی تانەو تەشەرەکە دەماودەم بڕوات یان بڵاوکرابێتەوە. لەکاتێکدا ئەم بڵاوکراوەیە بەتانەو تەشەر دانانرێت کەهەواڵە بڵاوکراوەکە راست بێتو رووداوێکی راستەقینەبێت، بایەخێکی کۆمەڵایەتی هەبێت لای هاوڵاتیان، دەستەواژەی گونجاو بەکار هاتبێتو نیازپاکی نوسەری تیادا بێت، سزای تاوانی تانەوتەشەر ناوزڕاندن لەهەرێمی کوردستان بەپێی دوو یاسایە لەهەرێمی کوردستانو سزاکانیان بەندکردن و سزای داراییە، بەندکردنە کەلەیەك ساڵ زیاترنەبێت، هەروەها سزای دارایشی هەیە کەبڕەکەی (١٠٠) هەزار دیناری عێراقیە، بەڵام بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی

پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەگەری، جەخت لەسەر خۆپارێزی لەو تاوانە کراوەتەوە، لە بڕگەی (٥)ی ماددەی نۆیەمدا هاتووە:(توانجی ناڕەوا و ناوزڕاندن قەدەغەیە). ئەم بڕگەیە هێڵێکی جیاکەرەوەی لەنێوان تۆمەتو ناوزڕاندن وەك تاوانێکی ڕۆژنامەنووسی لە گوتاری ڕەخنەیی جیاکردۆتەوە. سزای ناوزڕاندن بەندکردنە کەلەشەش مانگ کەمترنەبێتو لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێت یان سزای دارایی کەلەیەك ملیۆن دینار کەمترنەبێتو لەشەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت .

ئەوەی شایەنی باسە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بۆڕێگەگرتن لەتاوانەکانی ناوزڕاندن دروستکردنی پێگەو لاپەڕەی ئەلیکترۆنی وەهمی بەتاوانی ساختەکاری لەقەڵەم دەداتو دادگاکان ڕادەسپێرێت ئەنجامدەرانیان بەتووندترین شێوە سزابدرێن. دیاردەی دروستکردنی پەیجو ئەکاونتو پێگەی ساختەو وەهمی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە کەبەشێکی زۆریان بۆتانەو تەشەرو سووکایەتیو تەنانەت هەڕەشەو بەدەستهێنانی پارەو ئامانجی سیاسی بەکاردەهێنرێن.

٢-**تاوانی جنێودانی ئاشکرا:** لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، لەمادەی (٤٣٤)دا پێناسەی جوێنپێدانی کردووە: (بریتیە لەلەکەدارکردنی شەرەفو ئیعتبارو بریندارکردنی هەستی کەسێك، هەرچەندە رووداوێکی دیاریکراویش نەدرابێتە پاڵ ئەو کەسە) سزاکەشی دیاریکردووە بە: (بەندکردنی بۆماوەیەك کەلە ساڵێك زیاتر نەبێت، لەگەڵ غەرامەیەك لەسەد دینار زیاتر نەبێت، یان بەیەکێك لەو دوو سزایە، یان هەردووکیان)، ئەگەر هاتوو جوێندانەکە لەرێگای رۆژنامەگەرییەوە یان چاپەمەنییەوە یان لەرێگایەکی تری راگەیاندن روویدا، ئەوا بارودۆخێکی توونددادەنرێت، کەواتە لێرەدا جیاوازی کردووە لەوەی تانەو تەشەرەکە دەماودەم بڕوات یان بلاوکرابێتەوە، لەم دەقەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کەبنەمای ئاشکراییو مادیو مەعنەوی تیادایە. بەپێی یاسای سەرجەم وڵاتان بەهەرێمی کوردستانیشەوە بەتاوان دادەنرێت، چونکە دەچێتە دەرەوەی سنووری ئازادی رادەربڕینو زیان بەرێزو حورمەتی مرۆڤ دەگەیەنێت.

لە هەرێمی کوردستان، بۆ پاراستنی رێزی مرۆیی لەئامرازەکانی پەیوەندیو میدیادا، ساڵی (٢٠٠٨ز) یاسای (ژمارە ٦)ی تایبەت بە(قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) پەسەندکرا بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەو کەمکردنەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە؛ هەرکەسێك ئەگەر بەخراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان ئامێرێکی پەیوەندی پەیوەندیکردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن (قذف) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا، کەترس پەیدا دەکات، یان دزەی بەگفتوگۆ کردنکرد یان وێنەی چەسپاو یان جووڵاو، یان کورتە نامەی بڵاوکردەوە کەلەگەڵ خورەوشتی گشتیدا ناگونجێ، یان بەبێ روخسەتو مۆڵەت وێنەی گرت، یان کاروبارێکی وا کەشەرەف بریندار بکات، یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدرەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیویست بەنهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە کەبەهەر رێگایەك بێت چنگی کەوتبێت هەتا ئەگەر راستیش بن، ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان‌و دابەشکردنیان سوکایەتی یان زیانیان پێبگەیەنێت، ئەوا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێت کەلە (٦) مانگ کەمتر نەبێت‌و لە(٥) ساڵیش زیاتر نەبێت وە بەغەرامەیەکیش سزا دەدرێت کەلە(١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت‌و لە(٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بەیەکێك لەو دوو سزایە سزادەدرێت.

هەروەها لە(ماددەی پێنجەم) داهاتووە؛ ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانانەی کەلەماددەکانی (دووەم و سێیەم)دا هاتوون، بەبارێکی توندکراو بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت ئەگەر ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات سەر بەهێزە چەکدارەکان یاخود لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت، یاخود ئەو کەسەی سیفەتە فەرمییەکەی بەکاردێنێت یان ئەوەی ئاگاداری نهێنی کەسەکان یا خێزانی کەسەکان بێ بەحوکمی کارو پیشەکەی‌و هەرکەسێکی ئامێری پەیوەندی غەیری خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی لەو کردەوانەی ناوبراون.

وێرای غەرامە بۆ تاوانی جنێودان، بەدڵنیاییەوە سکاڵاکار دەتوانێ داوای قەرەبووی ماددی‌و مەعنەوی زیانەکانی جنێوەکەش بکاتەوە، دادگا لەرێگەی کەسانی پسپۆڕەوە بەپێی قەبارەی زیانەکە، ئاستی قەرەبووی ماددی‌و مەعنەوی دەستنیشان دەکات.

**٣- وروژاندنی تیرۆر:** بڵاوکردنەوەی فیلمی ئیباحی‌و سەربڕین‌و کوشتن‌و تەقاندنەوەی شوێنە پیرۆزەکان‌و بینای حکومی‌و شارە مەدەنییەکان، کەزیانی گەورە بەپرۆسەی پەروەردەو لایەنی دەروونی‌و دووبارەکردنەوەی کردەکان دەگەیەنێت، هەروەها ترس و دڵەڕاکێ لە نێوان هاوڵاتیان، بەتایبەتی منداڵان‌و ئافرەتان بەجێدەهێڵێت، یەکێکە لەو تاوانانەی کەلەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

بڵاوبۆتەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی لاپەڕەکانی سەر بەگروپە توندڕەوەکان کەداوای توندوتیژیو توندڕەوی دەکەن، دەچێتە ناو یاسای تیرۆرەوە. (سلمان، ٢٠١١، صفحە ٧٣)

لەماددەی (یەکەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)دا بەم چەشنە ئاماژە بۆ کردەی تیرۆریزمکراوە (کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەرەشەپێکردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانییەتی کەتاوانبار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری، کەسێك یان کەسانێك پێی هەڵدەستنو تاکێك یان کۆمەڵە کەسانێك دەکەنە ئامانج، یان هەر بەرەمەکی ئەنجامی دەدەن بەنیازی نانەوەی تۆقاندنو ترسو شڵەژانو ئاژاوە لەنێو جەماوەردا، بۆ ئەوەی زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامیو ئاسایشو سەلامەتی کۆمەڵگاو هەرێم، ژیانی تاکەکەسان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان، ئاسایشیان بخرێتە مەترسییەوە یان بۆ زیان پێگەیاندن بەژینگە، بەیەکێك لەسەرچاوە گشتییەکان، بەدەزگا، سامانی گشتی یان تایبەتییەکان، بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایفەگەری یان ڕەگەزی".

لەم یاسایەدا هەردوو بڕگەی (٢،٤)ی ماددەی چوارەم تەرخانە بۆ ڕێگەگرتن لەسودی نیگەتیڤانەی ڕاگەیاندن لەڕەوشی ئازادی رادەربڕین، واتا دەسەڵاتی دادوەرییو هەندێ لایەن بە پشتبەستن بەم یاسایە دەتوانن لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەدا بکات کەهەواڵی تۆقێنەر بڵاودەکەنەوە، چونکە هەندێکجار ڕێژەی زانیاری ڕاستیش لەم هەواڵ و بابەتانەدا لاوازن.

لەم ماددەیەدا بوونی کۆمەڵێ چەمکی لاستیکی کەسنوریان دیاری نەکراوە، سانسۆر دەخەنە سەر بواری ڕاگەیاندن، ئەوەی ڕاستەوخۆش پەیوەندی بەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە بریتین لەهەردوو بڕگەی (٢و٤)ی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

"ماددەی چوارەم/ ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنرێن و سزا دەدرێت بەزیندانی لە(١٥) ساڵ تێپەڕ نەکات، هەر کەسێك:

- نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلابێت یان بەدەست بێنێت کە هاندان، بەچاك زانین، یان پڕوپاگەندە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری، بەمەبەستی دابەشکردنی، یان بڵاوکردنەوەی.

-بەئەنقەست، هەواڵ، ڕوونکردنەوە یاخود پڕوپاگەندەیەکی تۆقێنەر بڵاوبکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو یان ئەلیکترۆنی بەهەل وەربگرێت یان بەکاریان بێنێت، لە

ئینتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کەئاسایشی گشتی بخاتە مەترسییەوەو ترس بخاتە نێو هاوڵاتیانو هەڕەشە لەقەوارەی سیاسی هەرێم بکات". بەپشت بەستن بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر)ی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦ز)، ڕۆژنامەنووس یاخود ئەو کەسانەی تاوانێك لەو تاوانانە لەڕاگەیاندندا ئەنجام بدەن کەلەبڕگەی (٢و٤)ی ماددەی (چوارەم)دا هاتوون، ڕووبەڕووی سزای توند دەبنەوە، بەم چەشنە:

-لە سەرەتای ماددەی (چوارەم)دا هاتووە کە سزاکەی زیندانییە بەمەرجێ لە (١٥)ساڵ تێپەڕ نەکات.

- لە بڕگەی (ج)ی ماددەی (پێنج)دا هاتووە بە:بەندکردنی توند سزا دەدرێت، واتا دادوەر دەتوانێ ئەوپەڕی سزا بەسەر تاوانباردا بسەپێنێ.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەبەپێی بڕگەی (ب)ی ماددەی (شانزدەهەم)ی ئەم یاسایە، کار بەهیچ یاسایەکیتر ناکرێت کەلەگەڵ ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت. کەواتە ڕۆژنامەنووسان ئەگەر بەتاوانێکی پەیوەست بەتیرۆر تۆمەتبار کران، ئەوا ناتوانێ داوای دادگایی بەیاسای ڕۆژنامەگەری بکات، ئەمەش مەترسییە بۆسەر رۆژنامەنووسان. یاسای تیرۆر ئەوە دیاری دەکات کەهەر کەسێ ئەو کارە بکات، بەهەمان سزای تاوانبار سزا دەدرێت جا هاندانی نهێنی بێت یان گشتی یان هەر شتێك کەبەکار بێتو ئەگەر ئەو جۆرە هاندانە هیچ کاریگەری نەبێت، بەهەر شێوەیەك بێت بەڕێکەوتن یان یارمەتی سزا دەدرێت .

٤- **تاوانی هەڕەشەکردن :** هەرکەسێك هەرەشەی لەیەکێکی تر کردبێت بەئەنجامدانی تاوانێك دژی گیانی یان سامانی یان هەرەشەی دانە پاڵی چەند کارێکی ئابڕوبەری یان ئاشکراکردنی کارەکانی ئابرو بەری لێ کردبێت ئەو هەرەشەکردنەش داواکاریەك یان پابەندکردنی بەکارێك یان قەدەغەکردن لەکارێکی لەگەڵدابێت یان مەبەستی لەهەرەشەکردن ئەوە بێت بەماددەی (٤٣٠) لەسایی ژمارە(١١١) سزادانی عیراقی بەبەندکردن سزا دەدرێت کەماوەی حەوت ساڵ زیاتر نەبێت. لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش تاوانی هەڕەشەی جۆراوجۆر کەخۆی لەچەندین شێوە دەبینێتەوەو زۆرترین ئەوهەڕەشانەی لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەنجام دەدرێن لەژێرناوی خوازراوو ئەکاونتی ساختەدا ئەنجام دەدرێن، کەلەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو تۆڕەکاندا تەشەنەی

سەندووەو ترسو دڵەڕاوکێیان لەلای زۆرێك لەبەکارهێنەران لەهەرێمی کوردستاندا زیادکردووەو بووەتەهۆی ئەوەی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوەو چەندین کەس لەناچاریدا ئەژماری خۆیان داخستووە. ئەگەر هەرەشەکردن بەرێگەی پەیامێك بێت کەناوی پەیامنێرەکەی تیادا نەبێت یان درابێتە پاڵ کۆمەڵێکی نهێنی کەبوونی هەبێت یان گوماناوی بێت بەهەمان سزا سزادەدرێت.

**٥-تاوانی توندوتیژی دژی ئافرەتان:** وەك بڵاوکردنەوەی وێنەی (لەکەدارکەر)و (دەستکرد)و گرتەی ڤیدیۆ لەڕێگای ئینتەرنێتو تەلەفۆنی مۆبایل، نووسینی ڕاپۆرتو ناوزڕێنەر لەدژیان، ئیمێڵەکانیانو بڵاوکردنەوەی داتا نهێنیەکانیان، هەڕەشەلێکردنیانو بەدواکەوتنیانو بەکارهێنانی چەوساندنەوەی سایکۆلۆژیو سۆزداری، ئامانجی سەرەکی لەم تووندوتیژییە بریتییە لەبەگەڕخستنی هێز، لاوازکردنی ئافرەت بۆ ژێر سیستەمی کۆنترۆڵکردنو چاودێریو پەلامارданو تۆقاندن، بەزۆریش ئەو ژنانەی کەلەبەرچاوو لەکایەی سیاسیو میدیاو چالاکوانان دەگرێتەوە، لەکەدارکردنی هەمیشەییو ئابڕووبردن، کەلەوانەیە ببێتە سەرچاوەی کووشتن بەشێوەیەکی سیمبولی یاخود ڕاستەقینە. لەساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ی(قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن)ی پەسەندکرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوزڕاندنو خراپ بەکارهێنانی ئامرازە نوێکانی پەیوەندیکردن، ئامانج لەیاساکە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنە، بەتایبەتی ئەگەرببێتە هۆی لەکەدارکردنو پێشێلکردنی(ژیانی تایبەت)ی کەسەکانو درووستکردنی مەترسی بۆسەریان ، بەڵام توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن هەمووکات بەدۆکیومێنکردنی بەڵگەی لەم جۆرە چەوساندنەوەیەو جوڵاندنی پۆلیس و دادوەری بۆپاراستنیان ئاسان نیە.

ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەشاری هەولێر لە٧-١-٢٠٢١ دا، ئەنجامی راپرسییەکی راگەیاند: کەلەژێر ناونیشانی (توندوتیژی دژ بەژنانو کچان لەسۆشیال میدیا) لەماوەی مانگێکدا لەریگای چاوپێکەوتنەوە ئەنجامیاندابوو، بەپێی ئەنجامی راپرسیەکە رێژەی توندوتیژی دژ بەژنان لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا لەئاستێکی بەرزدایە. ئەو خانمانەی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن لەسەدا ٥٣یان سوکایەتییان پێدەکرێت، لەسەدا ٦٢ی ئافرەتان کۆمێنتی سێکسی و هەراسانکارییان بۆ دێ، ئەوانەی وێنەیان دەدزرێ لەسەدا ٥٩یان ئافرەتن

لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە خانمانی بەشدار لەو تۆڕەکۆمەڵایەتییانەدا هەست بە ئارامی ناکەن. هەندێکیشیان کردەی توندوتیژیو کوشتنو تاوانی جەستەی لێ دەکەوێتەوە.

هەموو تۆمەتو ناوزڕاندنێك بەکەسی بەرامبەر تاوان درووست دەکات، هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان ئازادی ڕادەربڕینو بۆچوونو ڕەخنەگرتن لەگەڵ تۆمەتبارکردنو ناوزڕاندندا. تاوانی ناوزڕاندن ئیتربەجۆری (بینراوو بیستراوو نووسراوبێت) دەچێتە چوارچێوەی تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری.

**٦- سوکایەتیکردن بەئاینو ئینزاکان:** لەهەرێمی کوردستاندا کەئایینی جۆراوجۆر (ئیسلام، مەسیح، یەزیدیو زەردەشتی) و ڕێچکەی ئایینی (کاکەیی، هەقە، نەقشبەندی، قادری) و ئایدۆلۆژیای جیاوازی (ناسیۆنالیستی، ئیسلامی، عیلمانی...) تێدایە، بۆ ڕێگەگرتن لەبەکارهێنانی ئازادیی ڕاگەیاندن بۆ شکاندنو پەلاماردانی یەکتر، هەردوو چەمکی (بیروباوەڕو ئایین) لەناو یاسای ڕۆژنامەگەریی لەهەرێمی کوردستاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە.

لەبڕگەی (٩)ی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣)دا بەم چەشنە ئاماژەی بۆکراوە: بڵاوکردنەوە ئەو بابەتانە قەدەغەیە کەهانی ئەنجامدانی تاوانو کاری تیرۆریستی (الارهاب) دەدەنو ڕێوشوێنی بۆ خۆش دەکەنو تینو توانای بۆ دابین دەکەن، یاخود جنێوو تانەو لێدانو ناوزڕاندنی کەسیان تێدابێ، یاخود دەستدرێژی بۆسەر حورمەتی ئایینو مەزهەبەکانو دابونەریتو سیستەمی گشتی تێدابێت، لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەردوو بڕگەی (٢،٣)ی ماددەی نۆیەم جەختیان لەسەر سانسۆری بواری ئایینو بیروباوەڕ کردۆتەوە، لەبڕگەی دووەمدا هاتووە: سوکایەتیکردن بەبیروباوەڕو ڕێوڕەسمە ئاینییەکانو لەبڕگەی سێیەمیشدا هاتووە: (سوکایەتیکردن بەسیمبولو پیرۆزییەکانی هەر ئایینو ئایینزایەكو لەکەدارکردنیان) قەدەغەن، سزای پێشێلی ئەم بڕگەیەش تەنها غەرامەیە کەسزاکە لەنێوان (١ تا ٥) ملیۆن دیناری عیراقیدایە.

**٧- ژیانی تایبەتی کەسەکان:** باسکردنو بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاری ژیانی تایبەتی تاکەکان بەتاوان دادەنرێتو ناچێتە چوارچێوەی ئازادیی ڕادەربڕینەوە، چونکە زیانگەیاندنە بەکەسەکان، کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو لەسەروو هەموویانەوە پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیا، بەشداریان لەدروستکردنی قەیرانی پاراستنی ژیانی تایبەتدا کردووە، یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان بۆ سانسۆرکردنی هەواڵ و بابەتی پەیوەست بەژیانی تایبەت

لەڕاگەیاندندا، بڕگەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کردووەو هەر چەشنە دەستوەردانێك لەژیانی تایبەت بەتاوان دادەنێ.

لەبڕگەی (٤)ی ماددەی (٩)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) دا هاتووە: (هەر بابەتێك پەیوەندی بەنهێنییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ، هەرچەندە ڕاستیش بێ بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتەهۆی لەکەدارکردنی، ئەوا قەدەغەیە). سەبارەت وەرگرتنی زانیاری، یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣)دا، سنورێکی دیاریکراوی بۆ ئەم هەوڵەی رۆژنامەنووسو دەزگا راگەیاندنەکان داناوە، سزادانی ئەو کەسو دەزگا ڕاگەیاندنانەی ژیانی تایبەتی کەسێك دەبەزێنن، بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) تەنها غەرامەیە. بەگوێرەی بڕگەی دووەمی ماددەی (٩)ی هەمان یاسا، ڕۆژنامەنووس لەکاتی پێشێلکردنی ئەم بڕگەیەدا بەبڕی (١- ٥) ملیۆن دینار غەرامەو ڕۆژنامەکەش بەبڕی (٥-٢٠) ملیۆن دینار غەرامە سزا دەدرێ، لەساتی دووبارەکردنەوەی ئەم تاوانەدا، دەشێ دادگا ئاستی سزا داراییەکەی زیاتر بکات، بەمەرجێك لەدوو هێندەی پارەی سزاکە پتر نەبێ.

٨ - هاندان بۆ بەدکاریو ئەو ئاکارانەی لەکۆمەڵگەدا باو نییە، یەکێك لەو تاوانانە لەسایتەکانی ئینتەرنێتدا جێگەی خۆی کردەوەو لەلایەن ژمارەیەك لەداکۆکیکارانی وەك: هاوڕەگەزبازی و ئاڵوگۆڕی ژن و لەشفرۆشیە.

٩-هەڵگرتنی شوناسی کەسایەتییەك خۆبەکەسکردنێکی تر، یەکێك لەو تاوانانەی کەلەسەر ئینتەرنێت بڵاوبۆتەوە.

١٠-بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست(فەیك) سزاکەی قورسترە ئەگەر تاوانەکە لەکاتی شەڕدا رووبداتو زیان بەئاسایشی نەتەوەییو نیشتمانیو ئابوری وڵات بگەیەنێت.

١١- بڵاوکردنەوەو ڕیکلامکردن، دابەشکردن یان نمایشکردنی هەر کاڵا و خزمەتگوزاری و بەرهەمێك یان ئەنجامدانی ڕاپرسی و پێشبڕکێ یان زنجیرەیەك لەهاوچەشنەکانی بۆ مادەیەکی قەدەغەکراو تاوانە. وەك (مادەی هۆشبەر، چەك، کەرەستەی سێکس).

١٢- پارێزگاری لەهەر فایلێك بکە کەبەرنامە یان ماددە پارێزراوەکانی تری تێدا بێت، لەژێر یاساکانی دەسەڵاتی خاوەندارێتی فکریدا، بەڵام پاراستن یان بڵاوکردنەوەی هەر فایلێکی ڤایرۆسی،

یان زیانگەیاندن‌و تەلەفکردن، یان هەر بەرنامەیەکی تری هاوشێوە یان هەر بەرنامەیەك کەلەوانەیە کۆمپیوتەر یان واڵەکان‌و سەکۆکان تێکبشکێنێت کەئەوی تر خاوەنداریێتی دەکات، تاوانە.

١٣-سڕینەوەی هەر تایبەتمەندییەکی نووسەر، یان هەر تێبینییەك یان دەرماڵەی یاسایی کەخاوەنداریێتیان پارێزراوە.

١٤- ناوی ماڵپەڕێکی وەهمی بەکاربێنن بۆ هەر کارێکی ناشەرعی یان ابتزازکردن. (الدلوع، ٢٠١٩، صفحه ١٨)

١٥- **بەفیڕۆدانی کات‌و ئیدمان بوون:** بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر بەچوونە ناو تۆڕەکانەوە، ڕێژەیەك لەکاتیان دەڕوا، دواترش بەلایك و شەیر و کۆمێنت نووسین، هەروەها سەیرکردنی ڤیدیۆ..تاد، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی کات. بەگوێرەی چەند توێژینەوەیەك خوێندکاری زانکۆ هەیە (١٠) کاتژمێر لەناو تۆڕەکاندا دەمێنێتەوە، کەزیان بەئاستی خوێندکاران لەرووی زانستی دەگەیەنێت،هەروەك لەهەرێمی کوردستان‌و عیراق‌و وڵاتی جەزائیریش لەکاتی تاقیکردنەوەی بەکالۆریوس، سەرجەم هێڵەکانی ئینتەرنێت‌و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەوەستێنرێت، بۆ دوور کەوتنەوەی خوێندکاران لەکات بەفیڕۆدان‌و غەشکردن لەتاقیکردنەوەکاندا. بەکارهێنانی زۆر و لەرادەی پێویستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەریی لەسەر ئاستی خوێندن دادەنێت‌و کەسی بەکارهێنەر (مودمین) دەبێت، هەروەك خوگرتن بەماددەی هۆشبەر، ڕێژەی (٧٠٪)ی توێژینەوەکەی کاربنسکی دانیان ناوە بەوەی، کە ئیدمانیان لەسەر فەیسبوك، کاریگەریی سلبیی کردووەتە سەر تێکڕای نمرەکانیان. (عوض، ٢٠١٢، صفحة ١٠)

# بەشی سێیەم

# شیکارینامە

## پرسە یاسایەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان

خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتو پێگە کۆمەڵایەتیەکان کێشەیەکی جیهانییە، لەگەڵ ئەم کێشانەشدا ووڵاتان سنوریان بۆ بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاریە داناوە. دەربارەی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئەمڕۆ تەنها یاسای ژمارە ٦ی(قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن) هەیە، پرۆژەیەکیش گەڵاڵەکراوە بۆ پێشنیازە یاسای رێکخستنی میدیای ئەلکترۆنییو سۆشیالمیدیا، زۆر کەس نیگەران بوون لەناوەڕۆکی پرۆژە یاساکەو کاردانەوەی ئەو کۆمەڵە زۆرەی هاوڵاتیو میدیاو نووسەرو چالاکوانەکان بوو لەسەر مافو ئازادییەکان، نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەتاوانی ئەلیکترۆنی، خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت یان یاسای ئاسایشی ئەلیکترۆنی، یاسای تەمەنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت -Age of internet user ، یاسای دانانی فیلتەر یان بلۆککردنی ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانەی کەهەڕەشەن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی کورد لەکوردستان Cybersecurity Act، یاسای هاککردنو خراپبەکارهێنانی ئامێرو پرۆگرامەکان Computer Misuse Act، یاسای خراپ بەکارهێنانی زانیاریو داتای هاووڵاتی Data Protection Act بوونیان نییە.

بەپێی داتاکان کەلەمانگی ٤ی ٢٠١٩دا کراوە، ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەجیهاندا نزیکبونەتەوە لە٤ بلیۆن بەکارهێنەر. لەنێو ئەم ژمارەیەشدا ١٩ ملیۆنیان بەکارهێنەری عێراقین و ٢ ملیۆنیشیان بەکارهێنەری کوردن. (ئەمین، ٢٠٢٠)

لەگەڵ ئەوەی کەحکومەتی ئەلیکترۆنی نەلەکوردستان نەعێراقیش بوونی نیە، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەهاووڵاتیان زیاتر ئینتەرنێت بۆ مەبەستی بەسەر بردنی کات بەکاردەهێنن.

لێرەدا پرسیارێك لای توێژەر دێتە پێشەوە.. ئایا حکومەتو دەسەڵات بوونی یاسایەکی لەو شێوەیە، قۆرغ ناکەن بۆ پاوانخوازیو دەستخستنە ناو ئازادییەکانی تاكو رۆژنامەنووسانو تێوەگلاندنیان بەتاوانی ئاسایشی نەتەوەیو زیان گەیاندن بەئادابو کەلتوری کۆمەڵگە، یان جاسوسیو یاسای دژە تیرۆر، هەروەك لەم ماوەی پێشودا، دژی رۆژنامەنووسانی بادینان کرا..؟

ئەگەر سەیری راپۆرتی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لەماڤی رۆژنامەنوسان راپۆرتی ساڵانەی خۆی بەناونیشانی: (راپۆرتی رەوشی ئازادی رۆژنامەنوسی لەهەرێمی کوردستانی عێراق ٢٠٢٠) بڵاوکردەوەو رایگەیاند، ساڵی رابردو ٣٨٥ پێشێلکاری بەرامبەر ٢٩١ رۆژنامەنوس‌و دەزگای راگەیاندن تۆمارکراون، ساڵی ٢٠٢٠ سەنتەرەکەیان ٣٨٥ پێشێلکاری تۆمارکردووە کە بەم شێوەیە بووە؛ ١٦٣ حاڵەتی رێگریکردن لەرۆژنامەنوسان، ٧٤ حاڵەتی دەستبەسەرکردن و راگرتن بەبێ بڕیاری دادگا و ٤٨ حاڵەتی هەڕەشە و سوکایەتی. لەماوەی ساڵی ٢٠٢٠دا ٣٠ حاڵەتی دەستگیرکردن‌و راگرتن بەدەر لەیاسای رۆژنامەنوسی تۆمارکراون، هەروەها ٨ حاڵەتی هەراسانکردنی کچانی میدیاکار، ٨ حاڵەتی پڕکردنەوەی بەڵێننامە، ٦ حاڵەتی شکاندنی کەلوپەلی رۆژنامەنوسی ، ٤ حاڵەتی داخستنی ئۆفیسی کەناڵەکان و ٢ حاڵەتی تەشویشی ئەلیکترۆنی تۆمارکراون. ئەوەش خراوەتەڕوو: لەو ماوەیەدا لەناوچە کێشەلەسەرەکان ٧١ حاڵەتی رێگری، ٣٠ حاڵەتی راگرتن بەبێ بڕیاری دادگا، ٩ حاڵەتی زەوتکردنی کەلوپەلی رۆژنامەنوسی، ٧ حاڵەتی هێرش و سوکایەتی، ٢ حاڵەتی پڕکردنەوەی بەڵێننامە و یەك حاڵەتی رفاندن تۆمارکراون.

لەئێستادا یاسای رۆژنامەگەری بووە بەرابردوو، بەجۆرێك لەجێگەی پەنابردن بۆ یاسای رۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تۆمەت‌و سکاڵایانەی لەسەر رۆژنامەنوسان تۆماردەکرێت، پۆلیس‌و دادگاکان بەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن مامەڵە لەگەڵ دۆسییەکانی رۆژنامەنوسان دەکەن.

لە راپۆرتەکەدا ئەوەش خراوەتەروو کەهەراسانکردنی خانمانی میدیاکار لەرێگەی ئاڕاستەکردنی قسەی هەرانسانکار، توندوتیژی، جیاکاری و داوای پەیوەندی لەدەرەوەی کاری رۆژنامەنوسی لەنێوان (بەڕێوەبەری دەزگایەك و خانمە میدیاکاران، یان ئەو بەرپرسەی سەردانی دەکەن بۆ چاوپێکەوتن) و چەندین حاڵەتی دیکەش وایکردوە کاری رۆژنامەنوسی بۆ خانمانی میدیاکار ئاستەنگی بێتەپێش.(بڵاوکراوەتەوە لە 16/01/2021 دا www.kurdiu.org/ku/b/478902)

بۆ ڕێگرتن لەخراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، پەرلەمانی کوردستان‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ (ڕێکخراوە ناحکومیەکان) چەند یاسایەك دابرێژن کەهەم ئازادی‌و ئازادی رادەربرین‌و مافەکانی تاك‌و مرۆڤ پێشێل نەکات‌و هەم بتوانێت سنورێك بۆ کاری نەشیاو دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی‌و مافە تایبەتەکانی تاك‌و ئاسایشی نەتەوەیی‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی

دابنێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەش پێویستە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت هاوکاری حکومەت بکەن بەدانانی ، فیلتەر یان بلۆککردنی ماڵپەڕو پەیجو پێگە ئەلیکترۆنیە نەشیاوەکان.

گرنگە کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (کەژمارەیان ٢٥ کۆمپانیان لەکوردستان) ڕێنمانی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت پێشکەشی بەکارهێنەرەکانیان بکەن (بۆ نمونە چۆن دایك و باوك بتوانێت کۆنترۆڵی ئەکسێسی ئینتەرنێت لە نێو ماڵەکەیدا بکات، لەڕێگای (Parental Control) ی ئامێرەکەیەوە، چەندین زانیاری سەلامەت بەکارهێنانی ئینتەرنێتی دیکە.

لەگەڵ ئەوەی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت زیانیان هەیە بەڵام سوودیان زۆر زیاترە و بەیەکێك لەپێداویستیەکانی ژیان دادەنرێت. بەنمونە ڕۆژانە پتر لە ٣ بلیۆن ئیمەڵی ئەلیکترۆنی لەڕێگای ئینتەرنێتەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن لەنێوان تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، بۆ بازاریکردنو ساغکردنەوەی کاڵاو پەیوەندی بەکەسە نزیکەکانو وەك سەرچاوەیەکی زانستی بۆ وەرگرتنی سەرچاوەو ئاشنا بوون بەکەلتوورو زمانو جوگرافیای گەلان، سودێکی زۆری هەبوو لەگەڕانەوەی کاتو تێچوو بۆ بەکارهێنەرانی ئەم خزمەتگوزاریە.

## دەرەنجام

١-توێژەر گەیشتوتە ئەو دەرئەنجامەی کەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەرێژەیەکی بەرچاو خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی بەکارهێنەرانو دەستی بەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیانیاندا گرتووە.

٢- دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێتو تۆرەکۆمەڵایەتیەکان رۆژ بەرۆژ خولەكو کاتی زیاتر دەمێننەوە لەخەت بەمەبەستی چاتکردنو هاوڕێیەتیو بازارکردنو بەسەربردنی کاتی خۆش لەتۆرەکۆمەڵایەتییەکان.

٣-تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیو تێکەڵبوونو ئازادییەکی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن هەندێك کەسەوە بەخراپ بەکاردەهێنرێت.

٤- تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی دەست خستنە ناو ئازادیەکانو ژیانی تایبەتی تاکەکان.

٥-تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەلایەن هەندێك کەسەوە بەکاردەهێنرێت بۆ توندتیژی بۆ سەر ژنانو منالاّنو دەستخستنە ناو ژیانی تایبەتیو سوکایەتی بەئاین.

٦- نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، بۆشاییەکی یاسای دروستکردووە.

٧-تۆرەکومەلایتیەکان جگە لەوەی پەیوەندیەکان خێراتر دەکەنو کارئاسانی بۆ نزیکردنەوەی دەکەن، لەهەمان کاتدا هۆکاریکی باشە بۆ شیوازی نوێ مارکێتینو و کریاری لە ئەکاونتی خۆیەوە کاردەکەن.

٨- لەپشت هەر شاشەو مۆبایلو تابلێتێکەوە رەنگە هەر تاکی تەندروست نەبێتو کەسی لاوازو نەخۆش هەبنو زیان بەتاكو کۆمەڵگە بگەیەنن.

٩- زۆربەی تاکەکان لەدوو جۆر زیاتر لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن.

## راسپاردە

- ئەنجامدانی توێژینەوە لەلایەن خوێندکارانەوە، لەبارەی ڕۆڵو کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانو ئینتەرنێت لەپەرەپێدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو پرسی یاسای میدیای ئەلکترۆنیو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

-گرنگیدانی زیاتری دامەزراوە ئەکادیمیەکان بەم بوارە بەتایبەت لەچوارچێوەی بەکارهێنانەکانیو خستنە ڕووی لایەنی یاساییو ئیتیکی تەندروست لەبەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

## - پێشنیار

سازدانو ڕێکخستنی خولو ۆرك شۆپی ڕاهێنان بۆ گەنجان بەگشتیو خوێندکارانی پەیمانگەو زانکۆکان بەتایبەتی بەئامانجی گەشەپێدان بەتواناو شارەزاییەکانیان بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێتو تۆڕەکۆمەڵایەتیو سۆشیال میدیاکانو خستنە خزمەت پرسە کۆمەڵایەتیەکانو وشیارکردنەوەیان لەپرسە یاساییەکان.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە بەزمانی کوردی


١) تاڵەبانی, گ. ر & ,.ریشاوی, ع. ی .(2020) .*میدیایی نوێ لەسایەی شۆرشی زانیارییەکاندا* .سلێمانی: تۆری ئەکادیمیاو دیالۆگی میدیا.

٢) ئەمین, ب .(2020) .*پسپۆڕی تەکنەلۆجیای زانیاری لەزانکۆی لیڤەرپوڵ-ئینگلتەرا* .

٣) www.gov.krd. (2021). *سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان*.https://gov.krd/ .

٤) محمد, ك .(2020) .*دەربارەی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە* .Retrieved from http://www.chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=22157&Jor=28&Jor2=110.


## سەرچاوە بەزمانی عەرەبی


١) البياتي, د. ي .(2014) .*الحرية و الفوضى و الثورات، - الاعلام الجديد* .دولة الإمارات العربية المتحدة: هيئة الفجيرة للثقافة و الاعلام.

٢) الثقافية, م. ا .(2020) .*الانترنيت ووسائل التواصل الاجتماعي* .بيروت: مركز المعارف للدراسات الثقافية ط١.

٣) الجنابي, م. ا .(2020) .*مواقع التواصل الاجتماعي والحراك الشعبي(الاعتماد متبادل)* .برلين :ط١،ناشر المركز الديمقراطية العربي الالمانيا-برلين. .

٤) الحاوري, ع. ا .(2021) .*الشبكات التواصل الاجتماعي* .برلين: المركز الديمقراطي العربي للدراسات االستر اتيجيةوالسياسيةوااقتصادية.

٥) الدلوع, ا. ا .(2019) .المسؤولية المدنية الناشئة عن الممارسات غير المشروعة عبر مواقع التواصل الاجتماعي، . *سعودية* ,كليات بريدة الاهلية-القصيم المملكة العربية السعودية.

٦) ثينتر, ج. ا .(1990) .*مقدمة في الاتصال الجماهيري* .عمان: ترجمة مركز اللكتب الاردني.

٧) حمود, ع .(2008) .*انترنيت اعلام ضد اعلام* .بيروت: دار الهادي للطباعة والنشر والتوزيع ط١.

٨) ساعي, ا & ,.خضري, م .(1392) .*فرهنط سياسي و حاكميت قانون در ايران؛ با تاكيد بر بي اعتمادي سياسي ناشي از توهم توطئه* .ايران: فصلنامه مطالعات سياسي.

٩) ســكيك, ه. أ .(2014) .*دور الشــبكات التواصــل االجتماعي في توعية الشباب الفلسطيني باالقضايا الوطنية* . فلسطين: رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة االسالمية الغزة، فلسطين.

١٠) سلمان, د. ع .(2011) .الإعلام الرقمي في العراق .*مجلة الباحث الإعلامي*.13 ,

١١) شفيق, د. ح .(2017) .*الاعلام الجديد، الاعلام البديل* .بيروت: دار الفكر وفن.

١٢) ضمراوي, ب .(2017) .*تعريف القانون* .القاهرة.

١٣) عامر, د. ح .(2013) .*الخبر الصحفي الالكتروني* .قاهرة: دار النشر الجامعات.

١٤) عوض, د. ح .(2012) .أثر مواقع التواصل الاجتماعي في تنمية المسؤولية المجتمعية لدي الشباب .*جامعة القدس المفتوح*.

١٥) فياض, ح. ا .(2019) .*العلاقات الاجتماعية* .قاهرة :٢٠١٩.PDF

١٦) قاسمي, ا & ,.جداي, س .(2019) .*تاثير مواقع التواصل الاجتماعي علي الامن المجتمعي للدول الخليجية"،ط١* ، . المانيا: مركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية.

١٧) ماساشوسيتس, د .(1780) .*دستور ماساشوسيتس* .

١٨) ماكميلان .(1950) .لندن.

١٩) مـراد, غ .(2019) .*دهـاء شـبكات التواصـل االجتماعـي وخبايـا الـذكاء االصطناعـي* .بيروت :شـبكة المطبوعـات للتوزيـع والنشـر، ط ١.

٢٠) مكاي, ل .(2015) .*نحو ثقافة السيادة القانون* .واشنتون: معهد الولايات المتحدة للسلام.

٢١) *موسوعة تأريخ التكنولوجيا* .(1996) .بيروت :مؤسسة الجامعية للدراسات وللنشر وللتوزيع.

٢٢) نصر, د. ح .(2014) .*الاعلام الجديد الاعلام البديل* .مكتبة الفلاح، ط١.

## سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی

١) Lin, Y. (2020, may 30). *10 Twitter Statistics Every Marketer Should Know in 2020*. Retrieved from www.twitter.com.

٢) Lloyd, L. (1972). *Introduction to Jurisprudence.* Hampstead.

٣) Robertson. (1975). *Crimes against humanity.* London.

٤) stancheva, t. (2020). *Essential Snapchat Statistics, Facts & Predictions in 2020*. Retrieved from review42.com/snapchat-statistics: 30-5-2021

٥) Stats, 9. I. (2020). *99 Incredible YouTube Stats*. Retrieved from www.youtube.com: 26-5-٢٠٢١